دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٦٥
www. kurdistanukurd.com
یکشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٠ - ٢٢ی ئاگوستی ٢٠١١ ١٥٠ تمەن ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



قادر وریا:
حیزبی دیموکراتی کوردستان
هەر خاوەنی رابردوو نیە،
خاوەنی ئێستا و داهاتووشە
٥

بەیاننامە

بەیاننامەی هاوبەشی سێ
حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی
٢٨ی گەلاوێژەوە
٦

بیروڕای ئازاد



کێشەی کورد، لە
پەراوێزی هێرش بۆ سەر
قەندیل دا
٧

سیاسی



فتواکەی خومەینی
بڕیارێکی ئایینی یان
ژینۆسایدی نەتەوەیەک
٩

# پرسی کورد، بە لەشکرکێشی و پەلاماری سوپایی کۆتایی نایە

بەیاننامە

## خولێکی نوێ لە هێرش بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان

لە چەند ڕۆژی رابردوودا، خولێکی نوێ لە هێرشی هەوایی و ئاگربارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، دەستی پێکردۆتەوە. ئەمجارەیان هەردوو حکوومەتی ئێران و تورکیە هاوکات و تەنانەت هاوهەنگاو لەگەڵ یەکتر، ناوچەسنوورییەکانی هەرێمی کوردستانیان داوەتە بەر تۆپ و بۆمبا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە مانگێکە لە درێژایی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە سنوورەکانی شنۆ، پیرانشار و سەردەشت دا لەشکری کۆ کردۆتەوە و ناوچە سنوورییەکانی هەرێم ئاگرباران دەکا. لە چەند ڕۆژی رابردووشدا، جگە لە چڕکردنەوەی تۆپباران، لە سنووری «سیدەکان» یشەوە بەشێک لە هێزەکانی هێناوەتە نێوخاکی هەرێم. تورکیاش لە هەوڵی نوێکردنەوەی بڕیاری ڕێگەدان بە هێزەکانی بۆ نێو خاکی هەرێم دایە. جگە لەمەش لە سێ شەو و ڕۆژی رابردوودا، بە شێوەیەکی بەربڵاو چەندین ناوچەی سنووریی لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو، بۆمباران کردوە. لە ئاکامی خولی نوێی تۆپبارانی ئێران و هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیەدا، ژمارەیەکی دیکە لە دانیشتووانی ناوچەسنوورییەکان گیانیان لە دەست داوە، یان بریندار و نوقوستان بوون. خەڵکی دەیان گوند کە سەر لە سەدان بنەماڵە دەدەن، ئاوارە بوون و زیانێکی زۆر بە سروشتی کوردستان و ڕەز و باغ و مووچەو مەزرا و ماڵ و مەڕو ماڵاتی خەڵک گەیشتوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، جارێکی دیکە تۆپباران و سنووربەزاندنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیە بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بە توندی مەحکووم دەکا. ئێمە وێڕای هاودەردیمان لەگەڵ خەڵکی ناوچەسنوورییەکانی هەرێم، سەرنجی کۆڕ وکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای دەستدرێژی، سنووربەزاندن و تاوانخوڵقێنیی ڕێژیمەکانی ئێران و تورکیە ڕادەکێشین و داوا دەکەین چی دیکە ڕێگە بەم دوو ڕێژیمە نەدەن درێژە بە دەستدرێژی و ئەستاندنی گیان و ماڵی خەڵکی کوردستان بدەن.

بیانووی هەمیشەیی هەر دوو ڕێژیمی ئێران و تورکیە بۆ دەستدرێژیی هەوایی و زەمینی ولەشکرکێشی بۆ سەر سنوورەکانی هەرێم، بوونی هێزی بەرهەڵستکاری کورد لەو ناوچانەیە. بەڵام وەک لە درێژایی چەند دەیەی رابردوودا دیتوومانە ئەم جۆرە دەستدرێژی و لەشکرکێشییانە و بە گشتی سیاسەتی سەرکوت و حاشا لێکردن، نەیانتوانیوە پێش بە گەشەی پرسی کورد لە نێو وڵاتەکانیان دا بگرن و هێمنی و ئاسایش بۆخۆیان دابین بکەن. لە ڕاستیدا، ڕێگاچارە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەم پرسە نەک پەلامار بردن بۆ سەرسنوورەکان و هەوڵدان بۆ هەڵقەندن و لەنێوبردنی هێزە بەرهەڵستکارەکان، بەڵکوو چارەسەری سیاسییانە، ئازایانە و دادپەروەرانەی پرسی کورد لە نێوخۆی ئەو وڵاتانە دایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دووپاتکردنەوەی نیگەرانیی خۆی لە ئاکامەکانی هێرش و پەلاماری نیزامی و هەوایی دوو ڕێژیمی ئێران و تورکیە بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، خوازیاری دەنگ هەڵبڕین و نارەزایەتیدەربڕین دژی هێرش و دەستدرێژییەکانی ئێران و تورکیە و گوشار هێنان بۆ سەر هەر دوو ڕێژیم بە مەبەستی ملدان بۆ چارەسەری پرسی کورد لە نێو وڵاتەکانیان دایە.

بەو هیوایەی گەلەکۆمەگیی ڕێژیمەکانی ئێران و تورکیە، هەرچی زووتر لە گەڵ نارەزایەتیدەربڕینی بەرین و کاریگەر لە ئاستی کوردستان،ناوچە و جیهان دا و لە ئاکامدا لە گەڵ شکست و ناکامی بەرەوڕوو ببێتەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٩٠/٥/٣٠**



## نوێترین تاوانی دەوڵەتی تورکیە لەدژی خەڵکی هەرێمی کوردستان

٧ ئەندامی بنەماڵەیەک کە بە ماشێن بە هەورازی کورتەک دا رادەبردن، کەوتنەبەر بۆمبارانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیە و هەر حەوت کەسیان گیانیان لە دەست دا.

نیوەڕۆی یەکشەممە ٢٠ی ئاگۆست، ٧ ئەندامی بنەماڵەیەکی خەڵکی رانیە کە بۆ کاری وەرزێری بەرەو گوندی بۆڵێ دەچوون، لە پێچەکانی کورتەک ماشێنەکەیان بوو بە ئامانجی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیە و لێک بڵاوبوو، بۆخۆشیان بوون بە خەڵووز. سەرنشینەکانی ئەم ماشێنە بریتی بوون لە پیاوێک، دوو ژن و ٤ منداڵی کە یەکیان ٦ مانگە بوو.

بەهۆی خولی نوێی ئاگرباران و هێرشە هەواییەکانی ئێران و تورکیە، زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی بە دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان گەیشتوە.

## ئامریکا: کۆماری ئیسلامی سەرەکیترین پشتیوانی تێرۆریزم لە دنیا دایە



ئامریکا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بۆ باس لە سەر رەوشی تێرۆریزم لە جیهاندا ناوی ئێرانی لە ریزی هەرە پێشەوەی ئەو وڵاتانە داناوە کە پەرە بە تیرۆریزم لە دنیادا دەدەن.

لەو ڕاپۆرتەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وەک چالاکترین وڵاتی پشتیوانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناوی هاتوە و ئێران، سوریە، سوودان و کوبا ئەو چوار وڵاتەن کە دیسانەکەش ناویان لە ڕیزی سەرەوەی لیستی ڕەشی پشتیوانانی تیرۆریزم لە جیهاندا هاتوە.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە، ئێران لە ساڵی ٢٠١٠ی زایینی دا بە شێوەیەکی بەربڵاو پشتیوانیی مادی و دارایی لە گروپ و تاقمە تێرۆریستییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئاسیای نێوەڕاستدا کردوە و بە وردی ئاماژە بە پشتیوانی و هاریکاری بێ سنووری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاقم و گروپە تێرۆریستییە فەلەستینی و لوبنانییەکانی وەک «حەماسی فەلەستین»، «جیهادی ئیسلامی فەلەستین» ، «بەرەی گەل بۆ ئازادیی فەلەستی»»حیزبوڵای لوبنان»، «تاڵەبانی ئەفغانستان» و «شیعە توندڕەوەکانی عێراق» کراوە.

شایانی باسە کە ئێران لە ساڵی ١٩٨٤ ی زایینی و بۆ ماوەی ٢٧ ساڵی بەردەوامە کە ناوی لە لیستی ڕەشی ئامریکا دایە.

## هێرشی هەمەلایەنەی تورکیە و ئێران بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان



لە درێژەی هێرشی تازەی وڵاتانی تورکیە و ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستاندا ڕۆژی هەینی ٢٨ی گەلاوێژ فڕۆکە و هێلی کۆپتێرە شەڕکەرەکانی تورکیە بۆردمانی چەند ناوچەیەکی شارەدێی «سیدەکان› و «وەرتێ» یان کرد و بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە مەڕ و ماڵاتی ڕەوەندەکانی ئەو سنوورە لە نێو چوون.

محەمەد حوسێن، فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەی سیدەکان بە ئاکانیوزی ڕاگەیاند کە هێلی کۆپتێرەکانی تورکیە بە خەستی گوندەکانی خنێرە، لۆلان، ڕۆبیو رووال، خواکوڕک، ملەسۆرک، کێلەشین، کەرگەوزێن و گوندی دەراو لە ناوچەی شارەدێی سیدەکانیان بۆردمان کردوە. هەر لەو پێوەندییەدا ماڵپەڕی ڕووداو بڵاوی کردەوە کە بە هۆی ئەم هێرشانەوە خەڵکی ١١٧ گوند ئاوارە بوون. هەروەها لە هێرشەکانی ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ ی گەلاوێژدا بۆسەر گوند و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لە کورتەک خێزانێک کەوتنە بەر ئاگری بۆردمانی فڕۆکەکانی تورک دەسبەجێ ٧ کەس گیانیان لەدەست دا.

هەروەها لە لایەکی دیکەوە زیاتر لە هەزار کەس لە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەسنوری ناحیەی سیدەکانەوە هاتنە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە ناوچەکە بەسایتی ئاوێنەی ڕاگەیاند، هێزێکی بەرچاو لە جاش‌و پاسداری ئێرانی کە ژمارەیان بە زیاتر لە هەزار کەس بەروارد دەکرێ، لەناوچەی دەورمەیدان کە دەکەوێتە سەرسنور هاتوونەتە ئەم دیوی سنوورو ئێستا گەیشتوونەتە گوندی هۆرمێ کە لە نێو خاکی هەرێمی کوردستان دایە.

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەی هەواڵ گوندی هۆرمێ دەکەوێتە قوڵایی ٥ کیلۆمێتریی خاکی هەرێمی کوردستان‌و سەر بە ناحیەی سیدەکانی قەزای سۆران لە پارێزگای هەولێرەو هێزەکانی جاش‌و پاسداری ئێران کە گەیشتوونەتە ئەو گوندە، بەچەندین چەکی سووک‌و قورس خۆیان پڕچەک کردوە.

## بەیاننامەی کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی کرماشان بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ

کۆمەڵێک لەخوێندکارانی زانکۆکانی کرماشان بە بۆنەی ساڵرۆژی فتوای جیهادی خومەینی دژی میللەتی کورد بە بڵاو کردنەوەی ڕاگەیەندراوێک دەڵێن کە تا گەیشتن بە ئارمانەکان، ڕێگەی شەهیدەکانمان بەردەوامە. خوێندکارانی زانکۆکانی کرماشان بە بۆنەی یادی ٣٢ ساڵەی فەرمانی جیهاد دژی خەڵکی کوردستان لەلایەن خومەینیەوە، بە دەرکردنی بەیاننامەیەک جینایەتەکانی ڕژیم لە کوردستانیان مەحکووم کردوە و و ڕایدەگەیەنن ئەگەر گەلانی ئێران دوو ساڵە لە جینایەتی دەسەڵاتدارانی ئێران تێ گەیشتوون، ئەوا گەلی کورد ساڵانێکی زۆرە بۆتە قوربانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی.

لە سەرەتای ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوە کە٣٢ ساڵ لەوە پێش لەوەها ڕۆژێکدا هێرشی هەمەلایەنەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کورد دەستی پێ کرد.



لە ڕۆژانی دەسەڵاتدارەتیی خومەینی، لە کاتێکدا کە زۆرێک لە هێزە سیاسی و خۆ بە ڕووناکبیرزانەکان شەیدای جادووی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ببوون، لەو کاتەدا کە زۆرێک لە بانگەشەکەرانی ئێستای دێموکراسی، ئازادیی‌و مافەکانی مرۆڤ، بەڕێوەبەر یان پشتیوانی سیاسەتەکانی ئیمامی گەورەیان بوون، ئەوە کوردستانی ئێمە بوو کە بوو بە ئاڵاهەڵگری خەبات لە دژی دیکتاتۆریی دینی‌و فاشیزمی تازە سەرهەڵداوی کۆماری ئیسلامی.

بۆ لاپەڕەی ٣

## قەڵای دیکتاتۆرێکی دیکەش خەریکە دەڕمێ

سەر لەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە ٣١ی گەلاوێژ زۆربەی گەڕەکەکانی شاری ترابلۆس، پێتەختی لیبی کەوتە دەست ئازادیخوازان و دژبەرانی کۆنەدیکتاتۆری ئەو وڵاتە مەعمەر قەزافی و بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین دوای ٤٢ ساڵ فەرمانڕەوایی سیستمی سەرەڕۆیی لە لیبی خەریکە دوا ساتەکانی تەمەنی خۆی تێپەر دەکا.

مەیدانی سەوزی ترابلۆس کە شوێنی کۆبوونەوەی لایەنگرانی قەزافی بوو دوای ئەوەی کەوتە دەست دژبەران، ناوی بۆ مەیدانی شەهیدان گۆڕاو هاوکات ئۆپۆزیسیۆن لە ڕاگەیەندراوێکدا وێڕای پیرۆزبایی سەرکەوتنی سەربەخۆیی لیبی؛ خەڵکی وڵاتی لە ڕۆیشتنی سیستمی قەزافی دڵنیا کردەوە.

بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی لەنێو لیبیاوە دەگەن؛ تا ئێشتاش شەڕێکی کەم لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و لایەنگرانی قەزافی لە ئارادیەو هەروەها باس لە گیرانی دوو کوڕی قەزافی و خۆ بەدەستەوە دانی هێندێک لە لایەنگرانی قەزافی دەکرێ.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان لایەنگرانی قەزافی لە ترابلۆس بەرگرییەکی ئەوتۆیان لە خۆنیشان نەدا و خۆبە دەستەوەدانی گاردی پاراستنی قەزافی بوو بە هۆی ئەوەی کە قەڵای قەزافی زۆر خێرا دارمێ و لە لایەکی دیکەشەوە مستەفا عەبدولجەلیل سەرۆکی ئەنجومەنی کاتی ڕایگەیاند پێوەندیی دەگەڵ فەرماندەی ئەو گاردە هەبووەو بەڵێنی پێداوە دەگەڵ گەیشتنی ئۆپۆزیسیۆن خۆبەدەستەوە بدەن.

مووسا ئیبراهیم وتەبێژی حکوومەتی قەزافی وێڕای پشڕاستکردنەوەی هاتنی ئۆپۆزیسیۆن بۆ نێو ترابلۆس لە دانیشتنێکی ڕۆژنامەنووسیدا باسی لە کوژرانی زیاتر لە ١٣٠٠ کەس لە پێکدادانەکانی دوێنێ دا دەکرد و وتی نەخۆشخانەکان توانای وەرگرتنی بریندارەکانیان نەماوەو داواشی لە ناتۆ کرد وێڕای ڕاگرتنی هێرشە ئاسمانییەکانی خۆی بۆ سەر ترابلۆس داوا لە ئۆپۆزیسیۆنیش بکا شەڕ ڕاگرێ.

## سەردانی هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە دەفتەری سیاسی حیزب

رۆژی ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٠ بەرانبەر بە ٢٠١١/٨/٢٠ شاندێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستی کاک عومەر ئیلخانی زادە، سکرتێری گشتی کۆمەڵە سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد. لە لایەن هەیئەتێکی پایە بەرزی حیزب بە سەرپەرستی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب پێشوازیان لێ کرا.



لە دانیشتنێکی نێوان هەر دوو لا دا بە تێرو تەسەلی باسی دوایین ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە سیاسییە پێوەندیدار بە ئێران و کوردستانەوە کرد.

هەروەها بە وردی پرسی کورد بەگشتی و ئێران بە تایبەتی خستەڕوو.

هەر دوو هەیئەت تیشکیان خستە سەر پێویستی هاوکاری و کۆدەنگی ئێوان سەرجەم لایەنە کوردییەکان بەرانبەر بە رووداوو پێشهاتەکانی داهاتوو. هەر لەم دانیشتنە ٣ سەعاتەیەدا بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکان و پەرپێدانی زیاتر جەختیان کردەوە.

## بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک



کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنەوەی ٢٥ ی گەلاوێژ، ٦٦ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات رێوڕەسمێکی تایبەتی بەڕێوە برد.

لەو رێوڕەسمە بەشکۆیەدا کە رۆژی سێشەممە، ٢٥ ی گەلاوێژ و بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کودستان و ئەندامانی حیزب، دانیشتووی هەرێمی کوردستان و بنەماڵەکانی سەر بە حیزبی دێموکڕات، لە ساڵۆنی بۆنە و رێوڕسمەکانی حیزبدا بەڕێوە چوو، یادی ٦٦ ساڵ خەبات و تێکۆشان و مانەوەی ئەو حیزبە لە رێڕەوی خەباتدا بەرز راگیرا.

رێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب و راگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێ کرد. دواتر کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە قسەی کرد. دەقی قسەکانی بەڕێز قادر وریا لە لاپەری ٥ی ئەم ژمارەیەی «کوردستان» دایە

لە درێژەی بڕگەکانی ئەو رێوڕەسمەدا پەیامی هاوبەشی رێکخراوە سینفییەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو نەسرین حەداد، سکرتیری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە خوێندرایەوە.

«گەلاوێژ»، پەخشانە شێعری سۆهەیلا قادری؛ «سروودی ٢٥ ی گەلاوێژ»، لە لایەن کۆرسی کوڕی هونەریی حیزب؛ « ئەی رەقیب»، شێعری حیماسیی ئاسۆ خەبات، گۆرانیی « ماڵ مەریوانی» بە دەنگی سەرکەوت مرادی و چەند گۆرانییەکی شادی دیکەی هونەرمەندانی کۆڕی هونەریی حیزب چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمە بوون.

رێوڕەسمی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوای دوو سەعات بە شایی و هەڵپەرکێی گشتیی بەشداران کۆتایی پێ هات.

## پەیوەست بوونی پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان بە ریزەکانی حدک

فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان رۆژی چوارشەممە، ١٩ی گەلاوێژ بە بۆنەی تەواو بوونی دەورەی ١٩٦ ی سەرەتایی پێشمەرگە رێوڕەسمێکی بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی رێبەری و سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوە برد.

ئەو رێوڕەسمە بە سرودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب و رێژەی نیزامیی بەشدارانی دەورەی ١٩٦ دەستی پێ کرد.

دواتر خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە بۆ بەشدارانی ریوڕەسمەکە دوا.

خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی لە بەشێک لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەرک و رێگای پێشمەرگایەتی لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دا مێژوویەکی پرشنگدار و دوور و درێژی هەیە و ئێستاش و لە سەردەمی نوێشدا، پێشمەرگە بەرگری لە خەباتی نەتەوەکەی، حیزبەکەی و خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەکەی دەکا.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی ئەوەی کرد کە لە سەردەمی ئێستادا کە بوارەکانی خەبات بۆ رزگاری جۆراوجۆر و فرە رەهەند بۆتەوە، ئەرک و رۆڵی پێشمەرگەش بەو پێیە قورستر و زیاتر بۆتەوە و پێشمەرگەی کورد لە ئێستادا دەبێ رۆژبەڕۆژ زانیارییەکانی لە سەر کۆمەڵگاکەی و جێگە و پێگە و ئەرکی خۆی لە کۆمەڵگادا بەڕۆژ بکاتەوە.

ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ئاماژە بە خەباتی خەڵک لە نێوخۆی کوردستان وتی ئەوانەش وا کە لە نێوخۆی وڵات بە خەبات و تێکۆشان و نافەرمانیی مەدەنی و ئیعتراز و نارەزایەتی



دەربڕین دژی کۆماری ئیسلامی راوەستاون و خەبات دەکەن، ئەوانەش هەموو پێشمەرگەن.

لە بەشەکانی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا پەیامی بەشدارانی دەورەی ١٩٦ بە بۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەکەیان لە لایەن یەکێک لە بەشدارانەوە خوێندرایەوە و لە نێو ئاخنی بەرنامەکانیشدا هونەرمەند ئاوات سلێمانی چەند کۆپلە مەقامێکی پێشکیشی ئامادە بووان کرد.

لە دوایین بڕگەی رێوڕەسمەکەدا خەڵاتی فێرگەی سیاسی نیزامی بە سەر سەرکەوتووانی دەورەی ١٩٦ دا دابەش کرا.

### نۆروێژ

## شێستو شەشەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ بەرز راگیرا




سەر لە ئێوارەی رۆژی ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٩٠ی هەتاوی لە رێورەسمێکدا کە لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە نۆروێژ، یەکێتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو وڵاتە رێک خرابوو، یادی شێستو شەشەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە بەشداریی سەدان ئەندامو لایەنگرو دۆستانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ بەرز راگیرا.

رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە یادی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێ کرد.

پاشان کاک رەزا ئەمینی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەبۆنەی شێستو شەشەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی پێشکەش بە بەشداران کرد.

پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە نۆروێژ لەلایەن خاتوو بەفرین رۆستەمییەوە پێشکەش کرا و لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا سروودێک بە ناوی «٢٥ی گەلاوێژ» لە لایەن رێژان شەریعەتیو ئاشنا محەممەدی بەهاوکاریی کورسی سروودی منالانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەلاتی کوردستان پێشکەش کرا.

دوایین بەشی رێورەسمەکە بۆ بەزمی شاییو گۆڤەندی بەشداران و هونەرمەندی هونەرمەندانی دەنگخۆش پەیوەند جافو کارۆخ تەرخان کرابوو.

## بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغی لە شار و ناوچەجۆراوجۆرەکانی کوردستان

### بە بۆنەی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**لە بەرەبەری رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵدا کە هاوکات بوو لە گەڵ ٦٦ مین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شار و ناوچەکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.**

**مەهاباد:** لە جادەی ئەسڵیی وسووکەند تا سێڕای دارەلەک، لە سێڕای قزڵقۆپی و نێو ئاوایی را تا سێڕای دارەلەک، جادەی ئەسڵی نێوان دریاز و قومقەڵا تا سەر شەقامی ئەسڵیی و تابلۆکانی ئەو رێگایە، جادەی ئەسڵی قەرەقشڵاق، سێرای ترشەکان بۆ سێڕای گۆێکتەپە و ئاواییەکانی گرد یاقووب، خوڕخوڕە، گاپیس، کێچاوا و لەج و تابلۆکانی سەرجادەکانی ئەو چەند ئاواییە وێنە و تراکتی تەبلیغی حیزب بڵاو کرانەوە.

**بۆکان:** ئەم شوێنانەی کە لایەنگرانی حیزب کاری تەبلیغیان تێدا کردوە بریتین لە: ناوەندی شاری بۆکان و گوندەکانی شاریکەند، شەڕەفکەند، یەکشەوە، جامەرد، تیکان تەپە، ترکاشە و داشبەند.

**نەغەدە:** لە پارکی مەحەلی، کۆڵانەکانی تالاری نەورۆز، کۆڵانەکانی حەوت کانی و بلۆاری پیرانشار چالاکیی تەبلیغییان کردوە.

**ورمێ:** لە گەڕەکەکانی وەلیعەسر، شەهریار، فەرەجلوو، مۆدەڕیس، تاڵەقانی و فەلەکەی مادەر بە دروشم و تراکتی تەبلیغیی حیزب رازاونەتەوە.

**سەقز:** ئەو شوێن و گەڕەکانەی نێو شاری سەقز کە چالاکیی تەبلیغییان تێدا کراوە بریتین لە شەقامەکانی سەعدی، شۆهەدا، هەڵۆ، نەشمیلان، شەهرەکی نیروی ئینتیزامی، شەهرەکی گوڵان، گەڕەکی سیلۆ، گەڕەکەکانی شەریف ئاوا، قەوخ و بەهارستان و شەقامی حەزرەتی عومەر.

**مەریوان:** لە بەرەبەری رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵدا کە هاوکاتە لە گەڵ ٦٦ مین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شەوی ٢٠ لە سەر ٢١ی گەلاوێژ لە شاری مەریوان بە ئەنجامدانی چالاکی بەرینی تەبلیغی بەرەوپیری ئەو رۆژەوە چوون.

ئەو شوێنانەی کە ئەو چالاکیانەی لێ بەڕێوەچوە بریتین لە: چوارباغ، مەیدان بار، ستادیۆم، مەیدان مەردوخ، مەیدان سەرباز، چوارڕای بیمارستان، چوارڕای بایەوە، مەیدانی شەبڕەنگ، دەوروبەری مزگەوتی جامیع و دەوروبەری بنکەی سپای پاسداران.

**سەردەشت :** ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغییان لێ کراوە بریتین لە: دەوروبەری پۆمپی بێنزین و گەڕەکەکانی دەورەبەری، گەڕەکی فەرهەنگیان، دەورەبەری مزگەوتی شیوە برایمە، گەڕەکی نێزەرۆ، پارکی کودەک، پارکی لالە، یاریگای ٢٠٠٠ کەسی، یاریگای تەختی، پارکی نێوشار، دەوروبەری مخابەرات، هیلال ئەحمەر، دەوروبەری نەخۆشخانەی کۆن و بازاڕی دیناران.

**پیرانشار:** لە شەهرەکی مەنگوڕان، فەلەکەی چوونەژووریی نەغەدە پیرانشار، شەقامەکانی قودس، خومەینی و ئازادی ، قوتب، سەعدی، کوی خەیام، مەنتیقەی کۆنەخانێ و بازاڕی سیگاران.

گوندەکانی دەوروبەری پیرانشار: دەورەبەری کارخانە قەند، شنۆزەنگ، دربکە، پەسوێ، گردکشانە، ئەندێزێ، سەرووکانی، کێلێ، بەلەبان، گرتکسپیان و کاسەسەران.

یادی دامەزرانی حیزبەکەیان بەرز راگرتوە.

**سنە:** لە گەڕەکانی گوڵشەن، پیرمحەممەد، چوارباغ، شێخان، وەکیل، سەفەری، بلواری خوسرەوئاباد، موبارەکاوا، مەیدانی گاز، چواردیواری، ئاغازەمان، شالمان، شەهرەکی سەعدی و فازی ١ و ٢ ی بەهاران.

**شنۆ:** مام تەمر، کورتەشار، رەحیمزادە، سەیداوا، سەلیمابادی سەرێ، سەلیمابادی خوارێ، پشتی ئیران خودرەو، گوندەکانی سەرگیز، دێشەمس، کۆنەقەڵا، سۆفیان و تابلۆکانی جادەی شنۆ نەغەدە چالاکی تەبلیغی بەربڵاو کراوە.

# داواکاری کۆمەڵێک لە بنەماڵەی زیندانییە سیاسییەکان لە ئەحمەد شەهید

کۆمەڵێک لە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی لە نامەیەکدا بۆ ئەحمەد شەهید، هەواڵنێری دیاریکراوی تایبەتیی مافی مرۆڤ بۆ ئێران داوای سەفەری خێرای و بە پەلەی ناوبراویان بۆ ئێران و لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی زیندانیانی سیاسی کردوە.



لەم نامەیەدا هاتوە کە ئێمە لەسەر ئەم باوەڕەین کە ئەگەر کاربەدەستان یان دەزگای قەزایی ئێران بە شێوەی دروست و شیاو هەڵسوکەوتیان کردوە، بۆ دەبێ لە هاتنی نوێنەری مافی مرۆڤ و چاوەدێرانی نێودەوڵەتی بترسێن و ئیزنی سەفەرکردن بۆ ئێرانیان پێ نەدەن.

لەم نامەیەدا پێ لەسەر ئەوە داگیراوەتەوە بە هۆی ئەوەی کە بەدواداچوونی یاسایی لە نێوخۆی وڵات لە بارەی ئەو هەڵسوکەوتە نایاساییی، غەیری ئیسلامی و دژی مافەکانی مرۆڤ کە لەگەڵ زیندانیانی سیاسی کراوە، بەم ئاکامە نەگەیوە و فشارەکانیش زیاتر بوون، بۆیە داوا لە ئێوە دەکەین کە هەرچی خێراتر سەفەرەکەتان بۆ ئێران رێکبخەن و لە نزیکەوە بارودۆخی زیندانیانی سیاسی ببینن.

لە کۆتایی نامەکەدا هاتوە کە ئەوەی زۆر گرینگەو مەبەستی سەرەکیی ئێمەیە، ئازادکرانی بێ ئەملاو ئەولای هەموو زیندانیانی سیاسییە کە هیچ تاوانێکیان نیەو تەنیا داوای هەڵبژاردنێکی ئازاد لە ئێران دەکەن.

# دژبە فتوای جیهادی ڕژیم بۆ سەر خەڵکی کودستان لە ساڵی ١٣٥٨ دا خۆپیشاندانێک لە سویس بەڕیوەچوو



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٨/٢٠ی زایینی لەشاری بێرن،ی وڵاتی سویس بە مەبەستی مەحکوومکردنی فتوای جیهادی خومەینی و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ی زایینی و دا هەروەها بە مەبەستی مەحکوومکردن و لە قاودانی کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە لایەن جەلادانی ڕێژیمەوە لەکات ژمیر ١ی پاش نیوەڕۆ خۆپێشاندانێک لە لایەن کانونی دێموکراتیکی پەنابەران وحیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی سوئیس لەنیزیک وێستگەی قەتاری ئەو شارە کە قەرەباڵغ ترین شوێنە بەدژی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران پێک هات. لەو چالاکییەدا کومیتەی حیزب وێرای بەشێکی بەرچاو لەئەندامان حیزب لەو شارە بەشدار بوون . پەیامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن هاوڕێ عەبدوڵا عەلیزادە بەزمانی فارسی لەسەر جەنایەتەکانی رژیم لە کوردستان وئێران پێشکەش کرا.

هەروەها پەیامی کانونی دێموکراتیکی پەنابەران لەلایەن دوکتور مەجید موشەیدییەوە خوێندرایەوە.

# کوژرانی لاوێکی کورد بە تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی

**لاوێکی کامیارانی بە گومانی پێبوونی کەلوپەلی قاچاغ لە لایەن هێزەکانی ئینتزامیەوە درایە بەر گوللە کوژرا.**

بەپێی راپۆرتی هەواڵدێریی «هرانا»، رۆژی شەممە ١٥ی گەلاوێژ هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیم لە کرماشان لە جادەی کرماشان ـ شائاباد بە گومانی ئەوەی ماشینێک باری قاچاغی پێیە، تەقەی لێ دەکەن لە ئاکامدا بەختیار رەحمانی شۆفیری ماشێنەکە دەکوژن.



هێزە ئینتیزامییەکان دوای کوژرانی بەختیار و پاش راگرتنی ماشێنە و پشکنینی دەبینن کە ماشێنەکە هیچ بار یان کەلوپەلێکی قاچاغی تێدا نیە.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بە دەیان کەسی بێ دەرەتان لە شارەکانی کامیاران، جوانرۆو پاوە کە بە هۆی بێکاری ناچارن بۆ بژیوی ژیانیان کەلوپەلی وەک کولێر، پارچە، سیگارو.. بگوازنەوە، لە لایەن هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیمەوە کوژراون یان بریندار بوون و دوای بەدواداچوونێکی یەکجار زۆر ئەم هێزانە هیچ کات تەنانەت بۆ جارێکیش لە لایەن دەزگای قەزاییەوە لێپێچینەوەیان لێ نەکراوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لەم چەند رۆژەی رابردوودا دوو کۆڵبەری لاو بە ناوەکانی ئارمان مەلایی تەمەن ١٧ ساڵ لە سنووری مەریوان و عوسمان مەحموودیان ١٩ ساڵە لە سنووری سەردەشت لە لایەن هێزەکانی ئینتزامیەوە کوژران.

# کوژرانی کچیک لە کامیاران بە دەستی براکەی

**کچێکی کامیارانی بە دەستی بنەماڵەکەی کوژرا.**

بەپێی راپۆرتی چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران رۆژی هەینی، ٢١ ی گەلاوێژ فاتمە ئازادی، خەڵکی ئاوایی دەروویانی خوارووی سەر بە کامیاران بە تفەنگ و بە دەستی براکەی کوژرا.

فاتمە بەو تاوانە کوژراوە کە دڵی بە کوڕێکی خەڵکی گوندەکەیانەوە بووە و کاتێ ئەو کوڕە بە بەر دەرکی ماڵییان دا رۆیشتوە، بنەماڵەکەی ئامبازی بوون و ئەویش بە دەر و جیرانی راگەیاندوە کە نەهێڵن بنەماڵەکەی بەڵایەک بە سەر ئەو کوڕە بێنن. لەو کاتەدا برای کچە لە ماڵەوە چەکێک دێنێ و دەسریژ لە خوشکی دەکا و دەیکوژێ.

بە پێی سەرچاوەی هەواڵ باوکی ئەو کچە یەکێک لە چەکدارەکانی رێژیم لەو گوندەیە و لە ماڵەوە چەکی هەبووە.

دوا زانیارییەکان لەو بارەوە ئەوەیە کە برای فاتمە لە لایەن هێزە ئینتیزامییەکانەوە گیراوە و ئەو کوڕەش کە فاتمەی لە سەر کوژراوە، بە هۆی سەختیی برینەکانی لە نەخۆشخانەی کامیاران کەوتوە.

شایانی باسە دوو ساڵ لەوە پێش کچێکی دیکەی ئەو بنەماڵەیە بە هۆی دژایەتیی بنەماڵەکەی بۆ شوو کردن بەو کوڕەی خۆشی دەویست، بە شێوەت گوماناوی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو.

# بەرێوەچونی خۆپێشاندانێک لە پاریس بۆ مەحکووم کردنی هێرشی کۆماری ئیسلامی

رۆژی یەکشەممە، ١٦ ی گەلاوێژ کورد و ئێرانییەکانییەکانی دیکەی دانیشتووی پاریس بۆ مەحکووم کردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی نێوخۆیی و سنووربەزاندنەکانی هەرێمی کوردستان خوپێشاندانێکی ئێعترازییان لە مەیدانی شاتلێت بەرێوە برد.

لەو خۆپیشاندانەدا کەماڵ قوبادی، رەزا جەعفەریان و دوکتور محەممەد عەلی توفیقی لە لایەن کوردەکانەوە وێرای مەحکووم کردنی ئەو حەرەکەتە رایان گەیاند کە مەبەستی ئێران، لەو هێرشە تەنیا پژاک نیە. هەریەک لەو کەسانە لە تێروانینی خویانەوە لە سەر هوکارەکانی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و مەبەستی سیاسی لەو هێرشە بۆ بەشداربووان لە خۆپێشاندانەکە دوان.




شایانی باسە کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی چالاکانەیان لەو خۆپێشاندانەدا هەبوو.

# بەڕێوەچوونی ڕیورەسمی ٢٥ی گەلاوێژ لە وڵاتی سویس

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٨/٢ی زایینی، کات ژمێر ١١ی بەیانی تا کات ژمێر ١ی پاش نیوەڕۆ سمنیارێکی تەشکیلاتی بۆ نوێنەرانی بەشداربوو لەکۆنگرەی ١٥ بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب و هەروەها ئەرک و کارە وکەمورییەکان لەو ماوەیەدا پێک هات، کەلەودا نێونەرانی بەشدار بەتێرو تەسەلی باسیان لە ڕۆژانی بەڕێوەجوونی کۆنگرەی حیزب بۆ ئەندامان کرد و لە نێوباسەکان دا هاورێیان بە ڕەخنە و پێشنیار سمینارەکەیان دەوڵەمەند کرد. لەکۆتایی سمینارە کە دا هەموو ئەندامانی حیزب بۆ هەرچی باشتر بەرێوە چۆنی ئەرک و کارە کراوەکان ئامادەیی خۆیان نیشاندا. شایانی باسە کە بەدوای ئە و دا مەراسمی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ کەبەرنامەرێزی بۆ کرابوو لەکات ژمێر ٥ی پاش نیوەرۆ تا ١٠ی شەو کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئیس جێژنی ٦٦ساڵەی دامەزرانی ئەو حیزبەی بە بەشداری ئەندامان و لایانگران و دۆستان و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە کوردانی هەموو بەشەکانی کوردستان و نێونەرانی پارت ولایەنە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان بەریوەچوو.

لەنێو بەرنامەکەدا بۆ ماوەی چەندخولەک نوێنەری پارتی سوسیال دێموکراتی سوئیس و بەرپرسی ئەم پارتە لەشاری بێرن ئاغای « ڕۆنالد نیفRoland näf» بۆ بەشدران قسەی کرد و پەیامی پیرۆزبایی خۆی و پارتەکەی پێشکەش بە کومیتەی حیزب و ئەندامان و لاینگرانی کرد .

ئەو لایەنانەی کەپەیامیان هەبوو بریتی بوون لە:

١- پارتی دیمۆکراتی کوردستان کومیتەی..سوئیس
٢- یەکێتی نیشتمانی کوردستان. کومیتەی سویس
٣- کومەلەی زەحمەتکشانی کورستانی ئێران کومیتەی سوئیس
٤- کومەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان .. کومیتەی سوئیس
٥ - سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران کومیتەی سوئیس
٦- کانونی دێمۆکراتیکی پەنابەرانی ئێرانی
٧ - پارتی سوسیال دێمۆکراتی سوئیس اس پ ئاغای رۆلاند نیف .

# مەرگی ناوەختی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ڕووداوێکی دڵتەزێن گیانی لە دەست دا و ماڵئاوایی لە کۆڕی هاوسەنگەرانی کرد.



شەوی یەکشەممە لە سەر دووشەممە، ١٧ ی گەلاوێژ سامان ڕەمەزانی، کوڕی حەبیب و پێشمەرگەی لاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕووداوی پێکدادان لە گەڵ ماشێن گیانی لە دەست دا و چووە کاروانی نەمرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە.

سامان ڕەمەزانی خەڵکی گامێشگۆلیی بۆکان کە هێشتا ٢٠ ساڵی تەواو نەکردبوو، بە مەرگی ناوەختی خۆی ماتەمینی خستە کۆڕی هاوڕییانی.

سامان لە ماوەی ٤ پێشمەرگایەتیی خۆیدا توانیبووی جێی خۆی لە دڵی هەموو هاوڕییان و هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە.

تەرمی سامان ڕەمەزانی بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ١٧ ی گەلاوێژ لە نێو کۆڕی یارانیدا لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خاک سپێردرا.

ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری سامان ڕەمەزانی و هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەکا و خۆی بە شەریکە خەمی لە دەستدانی سامانی جوانەمەرگ دەزانێ.

**درێژەی:**

# بەیاننامەی کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی کرماشان بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ

کە درێژەی ئەو راگەیەندراوەدا هاتوە کە دوای پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان ئیعدام کردنە بێ دادگاییو بەکۆمەڵەکان، بۆمباران‌و تۆپبارانی ناوچە ئاوەدانەکان‌و چەندین نموونەی جۆراوجۆر لە پێشێلکردنی مافە مرۆڤییەکانی نەتەوەی کورد، نە تەنیا لە گەڵ مەحکوومکردنی نێونەتەوەییدا بەرەوڕوو نەبوو، بەڵکوو لە نێوخۆشدا لە لای ژمارەیەک بیرکورت‌و فریوخواردوو، لایەنی مەزهەبیو پیرۆزیشی بە خۆیەوە گرتبوو، بەڵام نەتەوەی کورد پاش چەندین دەیە هەروا پتەوو قایم لەسەر ئامانجەکانی راوەستاوەو تا گەیشتن پێیان واز لە خەباتی هەقخوازانەی ناهێنێ.

لە درێژەی راگەیەندراوەکەدا هاتوە کە ئەگەر ماوەیەکە خەڵکی ئێران لەگەڵ نیوەڕۆکی راستەقینەی کۆماری ئیسلامیدا ئاشنا بوون، رۆڵەکانی کورد چەندین دەیەیە کە لە دژی ئەو ریژیمە خەبات دەکەن و سەرەڕای سەرکوتی دژەمرۆڤانە، هەروا ئاڵاهەڵگری خەبات لە دژی ئەم سیستمە جینایەتکارەن.

لە کۆتایی ئەو راگەیەندراوەدا هاتوە کە ئێمە خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی کرماشان، وێڕای دانانی رێزو ناردنی سڵاو بۆ رۆحی خەباتگێرانی ئازادیخواز کە بوونەتە قوربانیی ئەم هێرشە بەربڵاوە، رادەگەیەنین کە تا گەیشتن بە ئارمانەکان، رێگەی شەهیدەکانمان بەردەوامە.

## پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی

# ٦٦ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە وە

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

**ئۆگران! ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!**

لە ٢٥ ی گە لاوێژی ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی (١٦ ی ئوتی ١٩٤٥)دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حێزبێکی دێموکراتیکی پێشکەوتوو لە سەر پایەکانی کۆمەڵەی ژ.ک کە هەر لەسەرەتاوە مافی دیاریکردنی چارەنووسی بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردبوو بە ئامانجی سەرەکیی خۆی، پێکهات. لە شێستوشەشەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو حیزبەدا پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە هەموو لایەکتان دەکەین.

پیکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە مێژووی تازەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە گرنکترین ڕووداوی سیاسیی ئەو سەردەمە لە قەڵەم دەدرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەیەکی زۆر کورت دا نەک تەنیا توانی ببێ بە حیزبی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بگرە لەوەش زیاتر بوو بە ئۆلگوویەکی بێ وێنە بۆ بووژانەوەی سیاسی لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا.

ئە و ڕەسالەتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ماوەی ٦٦ ساڵی ڕابردوو دا خستوویەتە سەرشانی خۆی، لە لایەکەوە ڕووبەڕووی خەباتێکی زۆر دژواری کردوەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە، شانازییەکی گەورەی بە نسیب کردوە. لە و ماوە دوور و درێژەدا حیزب شەهیدێکی زۆری لە هەموو ڕادەکانی بەرپرسایەتی دا پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەی کردوە. سێ ڕێبەری گەورە، دەیان کادری ڕێبەرایەتی، سەدان فەرماندە و کادری هەڵبژاردە و هەزاران پێشمەرگە و ئەندامی حیزب بە خوێنی خۆیان ڕێگای خەباتیان ڕەنگین کردوە. ڕێگایەک ئەو هەموو قوربانییەی لە پێناو دا درابێ، شک لەوە دانییە کە تا سەرکەوتنی یەکجاری، کە بە دابینکردنی مافی نەتەوەیی گەلەکەمان وەدی دێ، بەردەوام دەبێ.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە قۆناغی جیاواز دا سەلماندویەتی کە ڕێکخراوێکی خەباتگێڕ و خۆڕاگرە و نە بە سەرکەوتنەکان لە خۆبایی دەبێ و نە بە شکستەکان تێک دەشکێ. سەرکەوتن و شکستەکانی سەرەتای دامەزرانی حیزب، پێکهێنانی کۆماری کوردستان، لە سێدارەدرانی پێشەوا و ڕێبەرانی دیکەی کۆمار، ڕاپەڕینی ساڵی ٣٢ و بە دوای دا هێرشی بەربڵاوی ساواک بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزب وزیندانی کردنی سەدان ئەندامی حیزب، جووڵانەوەی قارەمانانەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ و شەهید بوونی ڕێبەرانی و لە کۆتایی دا سەرکەوتن و تێشکانەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و شەهیدبوونی ٢ ڕێبەری مەزنی حیزب، هەموویان لەو سەرکەوتن و شکستە گەورانە بوون کە تەنیا لە توانای ڕێکخراوێکی ڕیشە داکوتراوی وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دایە کە وەدیان بێنێ یا بەسەریان دا زاڵ بێ.

خاڵێکی بەهێز لە خەبات و تیکۆشانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا ئەوەیە، کە لە هەموو ئەو ماوە دوور و درێژەدا، بە ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان، بە ئامۆژگارییە بە نرخەکانی ڕێبەرانی شەهید، بە خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانی و بە گشتی بە ریسالەتە مێژوویی‌یەکەی وەفادار ماوەتەوە. لە کاروانی خەباتی حیزب دا هەوراز و نشێو زۆرن و بێگومان هەڵەشی تێدایە، بەڵام حیزبی دێموکرات هیچ کاتێک پشتی لە ماف و داخوازییەکانی گەلەکەی نەکردوە و کاروانی خەباتی بۆ ساتە وەختێکی کورتیش ڕانەگرتوە.

**ڕۆڵەکانی گەلی کورد! تێکۆشەران! ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!**

سەرەڕای زیاتر لە ٦ دەیە خەباتی سەخت و پڕ لە قوربانیدان، حیزبی دێموکراتی کوردستان تا سەرکەوتنی یە کجاری ڕێگایەکی دوور و درێژی لە بەردەمە. بڕینی ئەو ڕێگایە و ڕووبەڕوو بونەوە لە گەڵ تەنگ و چەڵەمەکان، پێویستی بە ورەی بەرز، لە خۆبوردویی و گەشبینی لە خەبات و تیکۆشان دا هەیە. ئێمە هەم ئەو ورە و باوەڕ و توانای بەردەوامی لە ئێوەدا وەک تێکۆشەرانی ئەم حیزبە و وەک پشتیوانانی خەباتی ئەم حیزبە، بەدی‌دەکەین، هەم بە دوارۆژی خەباتی خۆمان و نەتەوەکەمان و خەڵکی وڵاتەکەمان گەشبینین چونکە ئاسۆی خەبات دژی بندەستی و دیکتاتۆری لە ناوچە و دنیادا ڕوونە و نیشانەکانی سەرکەوتنی گەلان بەسەر دیکتاتۆران و جینایەتکاران دا ڕۆژبەڕۆژ ئاشکراتر خۆ دەردەخەن. لە ڕاددەی نێونەتەوەیی، لە ڕادەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران و کوردستان دا، ئاڵوگۆڕی گرنگ ڕوویان داوە و لە حاڵی ڕووداندان، کە هەموویان بە قازانجی گەلانی ژێردەست و چەوساوە و بە قازانجی خەباتی ڕەوای ئەوانن.

ڕاپەڕینە یەک لەدوای یەکەکانی دنیای عەرەب، هەر لە باکووری ئەفریقاوە تا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پایەکانی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانیان وەلەرزە خستوە و هیوایەکی تازەیان بە گەلانی ناوچەکە بەخشیوە. گومان لەوە دا نییە کە ڕێژیمی دیکتاتۆر و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە نۆرە دایە. هەر ئێستا نیزیکترین هاوپەیمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی واتە ڕێژیمی سوریە، لە ژێر تەوژمی شۆڕشی خەڵکی ئەو وڵاتە دا خەریکە بە چۆک دادێ.

**هاو نیشتمانانی خەباتگێڕ!**

**هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆڕەکان و ڕووداوەکانی دەوروبەرمان پێمان وایە دەرفەتی جۆراوجۆرمان لە پێشە. گرنگ ئەوەیە بەرنامەی تۆکمەمان بۆ هەموو ئاڵوگۆڕ و دەرفەتەکان هەبێ و کات بە فیڕۆ نەدەین. پێویستە لە بیری یەکخستنی ڕیزەکانمان دا بین و هێز و تواناکانمان یەکخەین. گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگامان ناکۆکی و پرژ و بڵاویی ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە، هەربۆیە پێویستە هەرچی زووتر بەسەر ئەو کۆسپەدا زاڵ بین و یەکیەتیی ڕیزەکانی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە دی بێنین.

پێویستە هەموو لایەک بە جۆریک لە گەڵ یەکتر مامەڵە بکەین کە شیاوی هێزێکی بەرپرس لەم قۆناغە هەستیارەدا بێ. خوێنی ئەو هەموو شەهیدە

**با قبووڵ بکەین لە وڵاتیکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دا تەنیا ڕێگا بۆ پێکەوە ژیانێکی پڕ لە بەختیاری و ئاشتی، یەکتر قبووڵکردن و ناسینی مافەکانی یەکترە. تەنیا سیستمێکی سەرکەوتووش ، یەکیەتیی داخوازانەی هەموو نەتەوەکانی ئیرانە**

سەربەرزانەی لە هەمو ڕاددەکانی بەرپرسایەتی دا لە هێزو ریکخراوەکانی نێو بزووتنەوەی کورددا گیانی خۆیان فیدا کردوە، ئەرکێکی گرنگ دەخاتە سەرشانی ئێمە. پیویستە بە یەکخستنی ڕیزەکانمان ڕووحی شەهیدەکان شاد کەین و ڕێگای سەرکەوتن هەموار کەین. **ئەمڕۆ لە هەموڕۆژێک زیاتر پێویستمان بە یەکگرتن و ڕێکخستنی ڕیزەکانمانە. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوەڕوانی هەنگاوی بە کردەوە لە پێناوی یەکیەتیی نەتەوەیی دایە.** ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لە بیرەوەریی پیرۆزی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبەکەمان دا، جاریکی دیکە بەڵێن دەدەین کە لە پێناوی یەکیەتی و یەکیەتیخوازی دا هەموو توانای خۆمان بەکار بێنین.

هەر لەو پێوەندییەش دا لە هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان داوا دەکەین لە پێناوی بەدیهێنانی یەکیەتیی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بەکردەوە هەوڵ بدەن. ئێمە دەستی دۆستی و برایەتی بۆ هەر حیزب و ڕیکخراوێکی تێکۆشەر درێژ دەکەین و ئامادەین لە پێناوی بەدەستهێنانی یەکیەتی ڕیزەکانی گەلەکەمان دا وتووێژ بکەین و بە کردەوە هەوڵ بدەین.

**ڕووەو حیزب و ڕێکخراو و لایەنە ئێرانییەکانیش دەڵێین با بە هەموومان هەوڵ بدەین ئاڵتەرناتیڤێکی دیموکراتیک بۆ ڕێژیمی کۆنەپەرست و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی پێک بێنین. ئاڵتەرناتیڤێک لەسەر بناغەی یەکتر قەبووڵ کردن، ناسینی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و بە ڕەسمی ناسینی مافی نەتەوەکانی نێو ئێران.** گومانی تێدا نییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش درەنگ یا زوو بەرەوڕووی چارەنووسی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچە دەبێتەوە. با لە ئێستاوە گیر و گرفتەکانی ئێران تاوتوێ بکەین و پێکەوە چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، تا لە کاتی ئازادیی ئێران دا ڕاستەوخۆ دەست بە ڕێکخستنی دێموکراتیک و قەرەبوو کردنەوەی دوا کەوتنی ئێران بکەین. نەک تازە بکەوینە ململانێ سەبارەت بە جیاوازییەکانمان. با هەمووومان لە ئێستاوە لە یەکتر تێ بگەین و مافەکانی یەکتر بەڕەسمی بناسین. با قبووڵ بکەین لە وڵاتیکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دا تەنیا ڕێگا بۆ پێکەوە ژیانێکی پڕ لە بەختیاری و ئاشتی، یەکتر قبووڵکردن و ناسینی مافەکانی یەکترە. تەنیا سیستمێکی سەرکەوتووش ، یەکیەتیی داخوازانەی هەموو نەتەوەکانی ئیرانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کاتێکدا پێ دەنێتە شێست و حە و تە مین ساڵی تێکۆشانی خۆی، کە بە تازەیی پازدەیەمین کۆنگرەی خۆی پێک هێناوە. کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی ئێمە کە مانگی جوزەردانی ئەمساڵ بەڕێوەچوو، لەبەر ڕووناکایی لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان، ئێران و ناوچە و، بە سەرنجدان بە ڕۆڵ و ریسالەتی خەباتگێڕانە و مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێبەریی ئەو حیزبە و سەرجەم تێکۆشەران و ئەندامانی بۆ کارو تێکۆشانی زیاتر لە هەموو شوێنێک و لە هەموو ئاستێکدا راسپاردوە بۆ ئەوەی خەباتی لەمێژینە و پڕ لە قوربانیدانی ئەم حیزبە و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی، بە گوڕتر بەرەوپێش بچێ. پەیامی ئێمە لەم یادە پیرۆزەدا بۆ هەموو ریزەکانی حیزب، بۆ هێز و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان، بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بەندییە سیاسییەکان و بە تێکڕایی خەڵکی کوردستان ئەوەیە، ئێمە لە ساڵی نوێی تێکۆشانی حیزبەکەمان‌دا، لەبەر ڕووناکایی بڕیارو پەیام و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پازدەیەم‌دا، بۆ چالاکترکردنی تێکۆشانی حیزب و بۆ یەکیەتی و هاوخەباتی لە ئاستی کوردستان و ئێراندا تێ‌دەکۆشین. لەو بڕوایەش‌داین بەردەوامی لەسەر خەبات و هەوڵدان بۆ یەکیەتی و هاوخەباتی، ئەو پەیامەیە کە گەلی کورد، پێشوازی و پشتیوانیی لێ‌دەکا.

بە بۆنەی شێستوشەشەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەڕێزەوە یادی دامەزرێنەری حیزب و لەسەرووی هەموانەوە پێشەوا قازی محەممەد دەکەینەوە. سڵاو بۆ گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەد و دوو ڕێبەری شەهیدی دیکەی حیزبی دێموکرات، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هەموو شەهیدانی ئەم حیزبە دەنێرین. جارێکی دیکە لە هەموو بنەماڵەی شەهیدان، تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و سەرجەم گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆزبایی دەکەین. هیوادارین ساڵی نوێ لە تەمەنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ساڵی بەرەوپێشچوونی زیاتری تێکۆشەرانی حیزبەکەمان و خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بێ.

**ڕووەو حیزب و ڕێکخراو و لایەنە ئێرانییەکانیش دەڵێین با بە هەمووومان هەوڵ بدەین ئاڵتەرناتیڤێکی دیموکراتیک بۆ ڕێژیمی کۆنەپەرست و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی پێک بێنین. ئاڵتەرناتیڤێک لەسەر بناغەی یەکتر قەبووڵ کردن، ناسینی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران و بە ڕەسمی ناسینی مافی نەتەوەکانی نێو ئێران**

سەرکەوتن بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شەکاوە بێ ئاڵای یەکیەتی و تەبایی لە نێو ڕیزەکانی نەتەوەکەمان دا

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

**بە بۆنەی**

**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٠**

**١٦ی ئووتی ٢٠١١**

### قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی لە ڕێورەسمی ٦٦ساڵەی دامەزرانی حیزبدا :

# حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر خاوەنی رابردوو نیە، خاوەنی ئێستاو داهاتووشە



**خوشک و برایانی بەڕێز!**

**ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و هاوڕێیانی تێکۆشەر!**

**بنەماڵە بەڕێزەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

**میوانانی هێژا!**

بە خێر بێن بۆ ڕێڕەسمی یادی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەمڕۆ، ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩٠، لێرە لێک کۆبووینەوە تا پێکەوە یادی ڕووداوێکی گرنگی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەینەوە. ٦٦ ساڵ لەمەوبەر، لە مەهاباد، لە کانگای بیری ئازاد، لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. کە دەڵێم ڕووداوێکی گرنگی مێژوو، لەبەر دەمارگرژیم بۆ حیزبێک نییە کە من و ئێوە تێیدا تێدەکۆشین. لەبەر ئەو ڕاستییەیە کە خەبات و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتە سەر ڕێڕەوێکی سەردەمیانە و پێشکەوتووانە.

لەبارەی ئەم ڕووداوە گرنگە و جێگای ٢٥ی گەلاوێژ لە مێژووی هاوچەرخی کورد دا زۆر نووسراوە. من دەمەوێ بەکورتی لە چەند خاڵ دا ئاماژە بە گرنگیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەم.

یەکەم خاڵ ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی کوردی و خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لە دایکبوونی حیزبی دێموکرات، ڕوحێکی سەردەمیانە و دێموکراتیکی پەیدا کرد. بوو بە خاوەنی ئەو ڕوانگەیە کە نەتەوەکانی دیکە بە چاوی دوژمن سەیر نەکا. بەڵام هەر لەو کاتەشدا،باڵادەستیی ئەوان ڕەت بکاتەوە. ناسیۆنالیزمێک کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پنجی داکوتاوە و کاریگەریی بیروباوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێوە دیارە، مافی ژیانی ئازاد و بە دەستەوەگرتنی چارەنووس و هەبوونی کیانی نەتەوەیی بە کورد ڕەوا دەبینێ، بێ ئەوەی تەماحی لە خاکی نەتەوەیەکی تر دابێ، یا گیانی دژایەتی لەگەڵ نەتەوەی تر پەرە پێ بدا. ئەم ناسیۆنالیزمە لەم سەردەمەش دا کە گوتاری دێموکراسی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و وێکهەڵکردنی مرۆڤەکان سەرەڕای جیاوازییە جۆراوجۆرەکانیان، لە زاڵبووندایە، دەتوانێ لەباری نێوەرۆکەوە سەری خۆی بەرز ڕابگرێ. چونکە نێوەرۆکێکی دێموکراتیک و ئینسانیی هەیە.

دووهەم خاڵ کە دەبێ لەبارەی گرنگیی ٢٥ی گەلاوێژ و ڕووداوی دامەزرانی حیزبی دێموکرات ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە بە لە دایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نەتەوەی کورد لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی، بۆ یەکەم جار بوو بە خاوەنی کیانێکی نەتەوەیی. دیارە پێشتریش فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی کوردی، هەبوون. بەڵام شوناسی ئەوان کەمتر نەتەوەیی بوو. شێوەی پێکهێنانیشیان لەگەڵ کیانێک و دەسەڵاتێک کە حیزبی دێموکرات لە نێوەڕاستەکانی سەدەی ٢٠دا دایمەزراند، زۆر جیاواز بوو. «کۆماری کوردستان» کە بە هەوڵ و ڕێنوێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (١٩٤٦) دا دامەزرا، دەسەڵاتێکی خەڵکی بوو، لە هەناوی بزووتنەوەی نەتەوەیی و لە دڵی خەڵکەوە، هەڵقوڵابوو. لەجیاتی ئەوەی شێخێک، سەرۆک هۆزێک، دروستی کردبێ، حیزبێکی سیاسی بۆ پیادەکردنی ئیرادەی نەتەوەیی و بە پشتیوانیی نەتەوەیەک نەک ناوچەیەک و هۆزێک، دامەزرابوو.

سێهەم خاڵ کە دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی نەتەوەیی کرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەرەکەتی لەدایکبوون و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەوە، بەخۆیەوە دیتوویە، بەردەوامیی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد دژی دوو ڕێژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییە. نامەوێ بڵێم ئەگەر حیزبی دێموکرات نەبوایە، لە کوردستان خەبات و بەربەرەکانی بەدژی ستەم و بندەستی سەری هەڵ نەدەدا. بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە، چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو و لەسەر خەبات و ئامانجە نەتەوەییەکان بەردەوام بوو، تێکۆشان و بەربەرەکانیی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و هەوڵی ئازادیخوازان دژی ستەمی نەتەوەیی، لە ژێر چەتری حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کۆبۆوە. چونکە حیزبێک هەبوو کە هەم بەرنامەکەی، ڕەنگدانەوەی داخوازە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بوو، هەم لەسەر خەبات بۆ ئەو ئامانجانە شێلگیر بوو، خەڵکی کوردستان هەستیان بە بۆشایی هێزی سیاسیی دڵخوازی خۆیان نەکرد، بەردەوام لە حیزبی خۆیاندا کۆ بوونەوە و بە پشتیوانیی خۆیان لەم حیزبە، نەیانهێشت ئاڵایەک کە لە دەستی ئەم حیزبە دایە، هیچ کات بکەوێتە زەوی.

چوارەم خاڵی گرنگ ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هەر ئەوە نییە کە خاوەنی ڕابردوویە، ئەم حیزبە خاوەنی ئێستا و داهاتووشە، ڕۆڵ و ڕیساڵەتی حیزبی دێموکرات تەواو نەبووە و تەواویش نابێ هەتا ئەوکاتەی هەڵگری داخواز و ئامانجەکانی نەتەوەکەی بێ، هەتا ئەو کاتەی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دا بمێنێتەوە و ئامادە بێ لە گیانی ڕێبەران، تێکۆشەران و ڕۆڵەکانی بۆ ئەم ئامانجانە، مایە دابنێ. ئەو هاوپێوەندییەی سەرەڕای هەڕەشە و چاو سوورکردنەوە و حکوومەت نیزامیی هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، ساڵانە لە ٢٢ی پووشپەڕدا لەگەڵ حیزبی دێموکرات دەیبینن، هەر ئەوەی ئەمساڵ لە ٢٢ی پووشپەڕ، ٢٢ ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو دا دیتمان، ئەو هێزە زۆرەی لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان ڕا هێنابوویانن و لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیریان کردبوون، دەری دەخا کە حیزبی دێموکرات چ نفووزێکی هەیە و ڕێژیم چ ترسێکی لەو نفووزە هەیە. حیزبێک ئەوە نفووزی بێ، ئەو ڕابردووە پڕ لە قوربانیدان و تێکۆشانەی هەبێ و سەرمایەیەکی گەورە لە نفووزی و ئیعتیباری سیاسی و ئەزموونی خەباتگێڕانە و مرۆڤی تێکۆشەر و خۆڕاگری لێ کۆبووبێتەوە، بێگومان داهاتووشی دەبێ.

هەمووی ئەم ڕاستییانە، لە ئێمە دەخوازن بە ئەمەگناسی و پێزانینەوە ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە، بۆیە لەسەرمە سڵاو بنێرم بۆ ئەوانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لەسەرووی دامەزراند. هەمووانەوە پێشەوا قازی محەممەد کە لە ڕەئسی دامەزرێنەرانی حیزب دایە. هەروەها سڵاو لە سەرجەمی ئەو کەسانەی لە سۆنگەی خەبات لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا خزمەتی نەتەوەکەیان و بزووتنەوە ڕەواکەیان کرد و گیانیان بەخشی و شەهید بوون. لە پێشەوەی ئەوان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی کە لە ڕێبەرانی پایەبەرزی ئەم حیزبە بوون. لەم بۆنەیەدا، پێویستە سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش بکەین کە لە ڕیزەکانی ئەم حیزبە دا تێکۆشانیان هەبووە و ئەرکی حیزبی و شۆڕشگێڕانە و نەتەوەییان بەڕێوە بردوە. بەتایبەتی ئەوانەی تووشی دیلی و بەندیخانە بوون، تووشی برینداری و نەقوستان و کەمئەندامی و دەربەدەری بوون. سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدان، بەندییە سیاسییەکان و تێکۆشەرانی گەلی کورد و لە پێشەوەی ئەواندا تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات . هەروەها سڵاو لە خەڵکی کوردستان کە لە درێژایی ٦٦ ساڵی ڕابردوودا پشتیوانی حیزبی دێموکرات بوون.

**خوشک و برایانی بەڕێز!**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ئێمە لە کاتێکدا یادی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەینەوە کە لە لایەک ئەو حیزبەی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا لە دایک بوو، چەند ساڵێکە لەت بووە وبە کردەوە بووە بە دوو حیزب. هەروەها لە هەلومەرجێکدا یادی لە دایکبوونی حیزبی دێموکرات و مێژووە پڕ هەورازو نشێوەکەی دەکەینەوە کە کوردستان ، ئێران و ناوچەکەمان بەرەو ڕووی کۆمەڵێک ڕووداو و گۆڕانی گرنگ بوونەتەوە.

حیزبی ئێمە و هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو ڕووی کۆمەڵێک پرسیار بوونەتەوە. ئایا هەروا مل بۆ پرژ و بڵاویی ڕیزەکانیان و جۆرێک پاسیڤیزم و تەئسیری کەم و دووراودوور بۆ سەر ڕووداوەکان و گۆڕانەکان لە نێوخۆی وڵات دا دەدەن، یا هەوڵ دەدەن بەسەر تەفرەقە و لێک دووربوون و لێکدابڕاندا زاڵ بن و بە خوێندنەوەیەکی نوێ و بە ئیرادەیەکی نوێ، بێنەوە نێو گۆڕەپانەکە؟ حیزبی دێموکراتی کوردستان نایهەوێ و نەیویستوە خۆی لەمجۆرە پرسیارانە و وڵامدانەوەیان بدزێتەوە.

لە ڕوانگەی ئێمەوە لەتبوونی حیزبی دێموکرات شتێکی نەخوازراو و ناسرووشتی بووە، هەوڵێک بووە بۆ ئەوەی لەجیاتی سەرتاپای حیزبێک نوقمی ململانێی ناسالمی نێوخۆیی بێ، لانیکەم ئەو بەشەی لە حیزبێکی یەکگرتوودا وێی هەڵنەکراوە و پەراوێز خراوە، خۆی بۆ کاری سیاسی و خەباتگێڕانە دژی کۆماری ئیسلامی تەرخان بکا. لەگەڵ ملدان بۆ ئەو دابڕانە تەحمیلییەش، هەمیشە لە سێ هەوڵ غافڵ نەبووین:

یەکەم ئەوە کە درێژەدەری ڕێگا و ڕێباز و ئامانجەکان و شانازییەکان و مێژوویەک بووین و دەبین کە لە درێژایی ٦ دەیەی ڕابردوودا، حیزبی دێموکراتی پێ ناسراوەتەوە.

دووهەم: تێ بکۆشین بە خوێندنەوەیەکی نوێ سەیری حیزبایەتی و تێکۆشانی سیاسی بکەین، بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە ئاوڕ لە ڕابردووی حیزبی خۆمان، پێوەندییەکانی لەگەڵ خەڵک و لەگەڵ لایەنەکانی دیکە و تەنانەت پێوەندییە نێوخۆییەکانی بدەینەوە و ئەوەندەی بۆمان دەگونجێ، وڵامدەری چاوەڕوانییەکانی ئەم سەردەمە بین.

سێهەم خاڵ کە هیچ کات لێێ غافڵ نەبووین، ڕێگا هێشتنەوە بۆ ئەو ئەگەرە بووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆڵەکانی ئەو حیزبەی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا لە دایک بووە، بکەونەوە سەریەک. بۆ ئەم مەبەستەش هەم لە هەوڵی سالمسازیی فەزای تێکۆشانی سیاسی و لایەنگری پێوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان دابووین و هەم پێمان وابووە ئەگەر بەستەر و بەستێنی گونجاو بخوڵقێ، یەکبوونەوەی حیزبی دێموکرات شتێکی مەحاڵ نییە.

ئێمە نەک هەر لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان، بەڵکوو لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەوڵمان ئەوە بووە کە دەبێ لەنێوانمان دا دیالۆگ و گوێ لێک گرتن هەبێ، دەبێ تەحلیل و لێکدانەوە و ڕوانینی پێشوومان بەرامبەر بە یەکتر کە لەسەر بنەمای دەمارگرژی و قازانجی تەسکی ڕێکخراوەیی بوون، بگۆڕین. پێویستە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی گشتی، نەتەوەیی و بەرۆح و دیدێکی کراوەتر، سەیری یەکتر بکەین، دەست بدەینە دەستی یەکتر، بۆ ئەوەی کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی و هاوکاری لە بەینمان دا هەبێ و یەکگرتووانە بەرەو ڕووی ئاڵوگۆڕەکان ببینەوە و بەرنامەمان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گۆڕانەکان هەبێ. کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە جۆزەردانی ئەمساڵ پێک هات جارێکی دیکە ئەو سیاسەتەی تەئید کردۆتەوە.

ئێمە بۆ دەرباز بوون لە پاسیڤیزم و دوورە پەرێزی بە نیسبەت ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش، بێ تەفاوت و بێ بەرنامە نەبووین و نین. پێمان وایە دەبێ تەئسیرمان لەسەر خەبات و تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات دا هەبێ، دەبێ بایەخ بە تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات دا بدەین. کۆنگرەی پازدەیەم لەمبارەیەوە ئەرکی زۆری خستۆتە سەر ڕێبەریی حیزب کە هیوادارم لە داهاتوویەکی نە زۆر دوور دا، ڕێبەریی حیزب پلان و بەرنامە

**حیزبی دێموکرات هەر ئەوە نییە کە خاوەنی ڕابردوویە، ئەم حیزبە خاوەنی ئێستا و داهاتووشە، ڕۆڵ و ڕیساڵەتی حیزبی دێموکرات تەواو نەبووە و تەواویش نابێ هەتا ئەوکاتەی هەڵگری داخواز و ئامانجەکانی نەتەوەکەی بێ، هەتا ئەو کاتەی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دا بمێنێتەوە و ئامادە بێ لە گیانی ڕێبەران، تێکۆشەران و ڕۆڵەکانی بۆ ئەم ئامانجانە، مایە دابنێ**

و ڕێگای خۆی بۆ بڕیارەکانی کۆنگرەی پازدەیەم لەو پێوەندییەدا، بگەیەنێتە ئەنجام و نەتیجەی ئەو سیاسەتە ببینین.

**بەڕێزان!**

ئێستا کە پێ دەنێینە ساڵێکی نوێ لە تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە حاڵێکدا شانازی بە ڕابردووی خاوێن و پڕ لە قوربانیدانی حیزبی دێموکرات دەکەین، دەبێ لە بیریشمان بێ کە ئەو ناو و ئیعتیبار و شانازییە ئەوکاتە دەپارێزرێ کە خەباتی زیاتر و شێلگیرانەتر بکەین بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد قوربانیی زۆریان لەپێناو دا بەخشیوە. هەر بۆیە بەو هیوایە جارێکی دیکە پیرۆزبایی ٢٥ی گەلاوێژتان لێدەکەم و بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتی ئازادیخوازی لە ئێران دا، ساڵێکی خۆش و پڕ دەسکەوت بە ئاوات دەخوازم.

# بەیاننامەی هاوبەشی سێ حیزب و رێکخراوی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان

# بەبۆنەی ٢٨ی گەلاوێژەوە

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**
**حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان!**

کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!

٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ (٢٠١١/٨/١٩) ٣٢ ساڵ بەسەر دەرکردنی فەرمانی جیهادی «خومەینی»(رێبەری ئەو کاتی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران) دژی خەڵکی مافخواز و دێموکراسیخوازی کوردستان رادەبرێ. وەک بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە، لە کاتێکدا رێبەرانی بزووتنەوەی مافخوازانە و دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان هەوڵیان بۆ چارەسەری دێموکراتیک و ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێران دەدا، رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران بە پیلانگێڕان و دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم دانوستانەکانی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و دەوڵەتی ناوەندی و هەروەها بە سەرکوتی ئازادیخوازان و جیابیران بواری بۆ هێرشێکی هەمە لایەنە بۆ سەر خەڵکی کوردستان رەخساند. ئەم هێرشە پاش کۆبوونەوەی مەجلیسی خیبرەگان لە ١٣٥٨/٥/٢٧ و رۆژێک دواتر (واتە ١٣٥٨/٥/٢٨) بە دەرکردنی فتوایەک لە لایەن خومەینی یەوە دەستی پێکرد و شەڕێکی نەخوازراوو ماڵوێرانکەر بەسەر خەڵکی کوردستان‌دا سەپێنرا. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا کە بە «شەڕی سێ مانگە» ناسراوە، سەدان کەس بوون بە قوربانی و بە هەزاران کەسیش ماڵوێران بوون و هەوەها خەڵکێکی زۆر بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانیان هاتنە ریزی بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەیانەوە.

خومەینی بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی، بە دەرکردنی ئەم فتوایە ویستی خەڵکی ئێران بە گشتی و نەتەوە بندەستەکان(کورد و ئازەری) بە تایبەتی لەو کاتەدا تووشی شەڕێکی نەخوازراو بکا و پەلوپۆ بهاوێ و دەست بەسەر هەموو ناوچەکانی ئێران‌دا بگرێ. بۆیە پاش ئەم فتوایە، شەڕێکی بەرین و هەمەلایەنە، سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە و ئێعدام و تیربارانی بە کۆمەڵی خەڵکی ئازادیخواز و مافخوازی کورد دەستی پێکرد. لەم پرۆسەیەدا بە سەدان مرۆڤی ئازادیخواز، لە ژن و پیاو، لە پیر و لاو و منداڵ بە بێ هیچ سوچ و تاوانێک و بە بێ هیچ دادگایی کردنێک گیانیان لێ ئەستێندرا. ئەمەش بۆ رێژیمێکی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو کە تا دوێنێ لافی ئازادی و دادپەروەریی لێ دەدا، کەچی پاش بە دەسەڵات گەیشتنی هەر لە یەکەم هەنگاودا دەستی کرد بە پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بەداخەوە ئەو کات بە هۆی لاواز بوونی ئامرازەکانی پێوەندی و راگەیەنی مۆدێرنەوە کۆمەڵگەی جیهانی بە گوێرەی پێویست لە قووڵایی تراژیدیاکە ئاگادار نەکرایەوە، بۆیە زۆربەی وڵاتان و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتی و مرۆڤدۆستەکان لە ئاست ئەم هێرشە بێدەنگ بوون.

خاڵێک کە پێویستە هەموو لایەک بە چاوی رێزەوە سەیری بکەین، بەرەنگاری و فیداکاریی خەڵکی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانە لە ئاست ئەو شەڕەدا کە بەسەریاندا سەپێنرا. هەر لە یەکەم ساتەکانی دەرکردنی فتواکەی خومەینی‌دا خەڵکی کوردستان قارەمانانە بەرەوڕووی پەلاماری هێزەکانی رێژیم بوونەوەو ماڵ و کۆڵان و شەقامی شارەکان کرانە سەنگەری بەرگری و داکۆکی لە مافە رەواکانی گەلی کورد.

**هەر لە یەکەم ساتەکانی دەرکردنی فتواکەی خومەینی‌دا خەڵکی کوردستان قارەمانانە بەرەوڕووی پەلاماری هێزەکانی رێژیم بوونەوەو ماڵ و کۆڵان و شەقامی شارەکان کرانە سەنگەری بەرگری و داکۆکی لە مافە رەواکانی گەلی کورد**

هەر لە ئاکامی ئەم خۆڕاگری و مقاومەتە قارەمانانەیەی خەڵکدا بوو کە شەڕەکە پاش سێ مانگ شکستی هێنا و خومەینی ناچار بوو مل بۆ وتوویژ و دانوستان (ئەگەرچی بە شێوەی کاتی و تاکتیکیش بێ) کەچ بکا. بۆیە ناودێرکردنی رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ وەک «رۆژی بەرەنگاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان» لە جێی خۆیدایە.

ئێستاکەش پاش ٣٢ ساڵ کە یادی ئەو رووداوە تاڵە دەکەینەوە، ئەگەر سەیری رووداوەکانی ناوچەکە و ئاڵوگۆڕەکان بکەین، دەبینین رەوتی رووداوەکان بە قازانجی ئازادیخوازان و نەتەوەبندەستەکان دەچێتە پێشەوە و ئەوەی کە باوی نەماوە و گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی، رێژیمە دیکتاتۆر و سیستمە سەرەڕۆەکانە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش چاوخشاندنێک بە سەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئەفریقایان گرتەوەو ئێستاش گەیشتۆتە سوریا، بەسە. لە لایەکی دیکەوە لە یادی ٣٢ ساڵەی ٢٨ی گەلاوێژ»رۆژی بەرەنگاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان»دا، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە رێژیمی ئێران وەک چۆن ئەو کات پەلاماری کوردستانی دا، ئێستاش لەو پەلامار و سیاسەتە نەگریسە دەستی هەڵ نەگرتووە بە ئامرازی مۆدێڕنتر و چەکی پێشکەوتووترەوە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی کردۆتە ئامانج و رۆژانە بە بیانووی جۆراوجۆر هەوڵ دەدا هێرش بکاتە سەر گەلی کورد و بزووتنەوە دێموکراتیک و مافخوازانەکەی.

لە یادی ٣٢ ساڵەی دەرکردنی فتواکەی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان، جارێکی دیکە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو هێرشە بۆ سەر خەڵکی کوردستان، جەخت لە سەر تەبایی نێوان سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکان دەکەینەوەو هیواداریین ئەم جۆرە رووداوە مێژووییانە ببنە ئەزموونێک بۆ هەموو لایەک و لە داهاتووشدا بە تەبایی و یەکگرتوویی بەرەوڕووی هەر چەشنە نیازێکی دوژمنانە بەرامبەر گەلەکەمان ببینەوە. هەروەها.

سڵاو لە بوێری و خۆڕاگریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان

سەرکەوێ بزووتنەوەی مافخوازانەو دێموکراتیکی گەلی کورد

**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٣٩٠/٥/٢٦**
**٢٠١١/٨/١٧**

# سوپا، دامەزراوێک بو پارێزگاری لە خەڵکی ئێران یا دەرفەتێک بۆ تاڵانی ئابووریی ئێران

**وەرگێڕان بۆ تەها رەحیمی**

لە رۆژەکانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە سالی ١٣٥٧دا بە فەرمانی خومەینی ریکخراوێک بە مەبەستی پاراستنی ماڵ و سامانی هاووڵاتیان و بەرگری لە راوڕووتی ماڵ و دارایی دەوڵەت لە هەلومەرجی ئاڵوزو پلۆزی دوای سەرکەوتنی شۆڕش دامەزرا . پێڕەو پڕوگرامی نێوخۆیێ ئەم رێکخراوە لە لایەن موحسن سازگاراو حەسەن لاهوتی یەوە نووسراوو بڕیار درا ئەنجومەنی کاتیی شوڕش بەرپرسایەتی بکا. لەگەڵ دەست بەکار بوونی ئەم رێکخراوەو ئەندامگری لە شارەکانی ئێران، دەوڵەتی کاتی بودجەیەکی ١٢٠ ملیون تمەنی بۆ لەبەر چاو گرت. ئەم رێکخراوە ناوی نرا سوپای پاسداران و لە دوویەمی بانەمەڕی ١٣٥٨دا بە فەرمی بوونی خۆی راگەیاند.

هەر لەو کاتەوە خومەینی بە دەرکردنی فەرمانێک، ئێدارەی ئەم رێکخراوەیەی لەدەست دەوڵەتی کاتی دەرهێناو موحسن رەزایی کرد بە بەرپرسی و بە کردەوە ئەم ریکخراوە تازەدامەزراوەی کرد بە ئامرازێک بو پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی و سڕینەوەی دژبەرانی. رەنگە ئەوکات کەس پێی وا نەبوو کە ئەم رێکخراوە دەبێ بە خۆرەو هەموو بیاڤە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی وڵات دەگرێتەوە. لەم چەند دەیەی رابردوودا سوپا هەموو بیاڤەکانی ئابووری وسیاسی وسەربازیی وڵاتی خستوتە ژێر رکێفی خویەوە. لە بیاڤی ئابووری دا بە کەڵک وەرگرتن لە پێگەی تایبەتی خۆی بە بێ کەڵکەلەی بەشداری لە (مناقصەو مزایدە)ی دەوڵەتی توانیوێتی زوربەی گرێبەستەکانی ئاوەدان کردنەوەو ئابووری کە پڕقازانجن وەرگرێ و وەک دەسەڵاتێکی گەورەی ئابووری خۆی بسەپێنی. بە پێی راپۆرتی بنیاتی توێژینەوەی «رند» لە دوای شەڕی ئێران وعێڕاقەوە سوپا تا ئێستا زیاتر لە ٧٦٥٠ گرێبەستی ئابووری لەگەل دەوڵەت هەبووە. بەراوردی لێکۆڵەرانی بواری ئابووری، باس لە داهاتی ١٢میلیارد دولاریی سوپا لە سالدا دەکەن. دیارە لە لایەن سوپاوە هیچ باسێک لە چالاکییە ئابوورییەکانییەوە ناکرێ و بوودجەکەشی نهێنییە.

ئەو ریکخراوە سەرەڕای باڵکێشان بەسەر گەورەبیاڤەکانی ئابووری وەک نەوت، گازو پێتروشیمیدا لە پرۆژە ئابوورییەکانی دیکەی وەک سەدسازی ، تونێل، کشتوکاڵ، بێناسازی وتەنانەت نەشتەرگەرییە سووکەکانی لەیزەرییش دا بە شێوەیەکی بەرچاو خاوەن زیاترین پشکی (مخابەرات)ەو لە سەدا چل و پێنجی کۆمپانیی بەهمەن واتاماشینسازیی مەزداشی بەدەستە. شوین پێی سوپا لە هەموو دەروازە ئابوورییەکانی دەوڵەت دا بەرچاوە.

بە هوی پاوان کردنی پرۆژە نەوتیەکان لە لایەن لک و پۆپەکانی سوپاوە وەک قەرارگەی خاتەمولئەنبیا؛ کومپانییەکانی (سازەو ناموران) کە دووکومپانیی گەورەو بەڕابردووی ئێرانن کە بەرەو دارمان دەچن. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەم چەند گرێبەستەی ئەم دواییانەی قەرارگەی خاتەمولئەنبیا بکەین:

_ ( منا قصە ) ی ٥/ ٢میلیا ر د دولاریی پروژەی دروست کردنی هێڵی ئاسن لە ناوچەی ئازادی چابەهار

_گرێبەستی نۆسەدمیلیارد تمەنی دەگەل وەزارەتی پیشەسازی(صنایع)و وەرگرتنی بەرپرسایەتیی خەڵووزی بەردو کردنی (کک) لە ناوچەی سپی پردی سەوا کوهی قائیم شار

_لیدانی دووهێڵی بۆریی راگواستنی نەوت و داهاتەکانی بە دریژایی هەزاروسەد کیلۆمێتر بە نرخی رێژەیی٣/١میلیارد دولار

_بەشداری لە دروست کردنی لە سەدا سیی، ریگەی قوم _ تاران _ مەشەد

_جی بەجی کردنی دووهێڵی شەمەندەفەری نیو شاری مەشەد

_دروست کردنی ٦٠ (موج شکن) لە ٦٠ شوێنی وڵات و دەیان پڕوژەی دیکە لە بیاڤە باڵا دەستەو نزمەکانی وشکایی و دەریایی دا .

ئەم تیپە چالاکییە ئابوورییە، لە لایەکەوە بۆتە هۆی لە نێوچوونی هەڤڕکێی کەرتی تایبەتی نێوخۆی وڵات و لە لایەکی دیکەشەوە ناهێڵێ کومپانییە دەرەکییەکان لە ئێران لە بیاڤی ماکرۆ و مێکرۆ (کلان وخرد) دا کاری وەبەر هێنان بکەن. زاڵبوونی ئەو کومپانییانەی کە دەستوپێوەندی سوپان، هەرەشەن بۆسەر ئەمنییەتی کەرتی تایبەت و ئەو بەشەیان تووشی نوشوستی کردوە. ئامادەیی سوپا لە بیاڤە چەپەڵە کانی ئابووری (پوول شوویی و قاچاق) لەم سالانەی دووایی دا نیشانەی چاو پر نەبوونی سووپان. لە مانگی مارسی ٢٠١٠دا تۆرێکی (پوولشوویی) چالاک لە وڵاتانی عەرەبی و دەوروبەری کەنداوی فارس و دەریای عومان دا دۆزرایەوە کە بە (پوولشوویی) داهاتە ناقانوونییەکانی سوپا لە قاچاخی بەنگەمەنییەکانەوە خەریک بوو. لە سۆنگەی دۆزینەوەی ئەم تۆڕەدا مەنسووری کوری رەجەب، وەزیری بەحرەین بە فەرمانی پادشا لە سەر کار لابرا و بە تاوانی(پوولشوویی) و هاوکاری دەگەل سوپا گیرا. بەپیی هێندێک لە راگەیەنەکان عەلی جەنەتی باڵوێزی ئێران لە کووەیت کوری ئەحمەدی جەننەتی سەرۆکی (شوورای نیگەهبان)یش لەم (پوولشویی)و گەندەڵیی دارایی دا دەستییان، هەبووە. هەر لەم پێوەندییە دا یەکێک لە نوێنەرانی پارلەمان لە کۆبوونەوەیەکی ئاشکرای مەجلیس دا پەردەی لەسەر ٦٠ بەندەری ناقانوونی سەر بە سوپا لادا. هەروەها سوپا لە ریگەی ئەم بەندەرانەوە قاچاخیە بەنگەمەنییەکان و بێنزین دەکا و گومرگی هاوردە و هەناردەی فەرمیی وڵات نادا. کردەوە و ئاژاوەگێرییەکانی سوپا لە وڵاتی دراوسێ. دامەزراندن و پشتیوانی لە گرووپە رادیکاڵە ئیسلامییەکان لە ناوچە، دەستێوەردانی سەربازی لەو وڵاتانە و سیخوڕی و دەیان کردەوەی ناقانوونیی دیکە بوونەتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگەی جیهانی بە گەمارۆدانی سوپا رووبەرووی ئەم چالاکییانەی ببنەوە. گرنگترین گەمارۆکان بریتین لە:

_ بە پێی رێککەوتنی وەزیرانی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا، هەموو حیسابە بانکییەکانی ئەندامان و ئەو کەسانەی سەر بە سوپان رادەگیرێن.

_ ئوستراليا ناوی روستەم قاسمی، فەرماندەی قەرارگەی خاتمولئەنبیای سوپای پاسداران خستە لیستی گەمارۆی ئەو وڵاتەوە.

_وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا لە چوارچێوەی بڕیارنامەی ١٩٢٩ی ئەنجومەنی ئاسایش دژی ئێران دا، فەرماندەی سوپاو وەزیری بەرگریی ئێران ودەگەل هێزە ئاسمانی وموشەکی وکومپانی ئەندازیاری نەوت وگازی سپانیرو کۆمپانی رێگەی کەناردەریای سەر بەقەرارگەی خاتمولئەنبیای خستە لیستەی گەمارۆکانی خۆیەوە.

سەرچاوە: «کوردستان» فارسی

# کێشەی کورد،لە پەراوێزی هێرش بۆ سەر قەندیل دا

خالید حەسەنپوور

مانگێک لە هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە قەندیل تێدەپەڕێ . لەو بیست ساڵەدا کە حکوومەتی هەرێم دامەزراوە، ئەوە یەکەم جار نیە کە کۆماری ئیسلامی پەلاماری سنوورەکانی دەدا . بەڵام ئەوەی ئەو هێرشە لەوانیتر جیادەکاتەوە، لە لایەک بەربڵاویی پەلامارەکەیە و لە لایەکی دیکەوە زەمان و ئامانجەکانیتی کە جێگای لێوردبوونەوەن

وا دێتە بەرچاو هێرشی بەربڵاوی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی ئەو زنجیرە راوێژ و کۆبوونەوانەدا هاتتبێتە کایەوە کە مانگی رابردوو، لە نێوان وەزیرانی دەرەوەی تورکیە و ئێران سەبارەت بە پرسی سووریە بەڕێوەچوو. لە میانەی کۆنفرانسێکی خەبەریدا کە هەر بەو بۆنەیەوە لە لایەن وەزیرانی دەرەوەی ئەو دوو وڵاتە پێک هات ، هەردوولا نیگەرانیی خۆیان لە ئاستی بارودۆخی سووریە دەربڕی و سووریەیان وەک ئەندامێکی بنەماڵەی خۆیان دایە قەڵەم . دەگەڵ ئەوە کە هەڵوێستی تاران و ئانکارا سەبارەت بە قەیرانی حکوومەتەکەی بەشار ئەسەد یەک نیە، بەڵام ئەوەی چارەنووسی ئەو دوو وڵاتە لێک گرێ دەدا، پرسی کورد بە گشتی و کوردی سوریە بە تایبەتییە . سەرەڕای چارەنووسی هاوبەشی تورکیە و کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە مەسەلەی کورد، نکۆڵی لەوەش ناکرێ کە ئەو دوو وڵاتە لە هێندێک پرسی گرینگی ناوچەیی و جیهانیدا وەکو یەک بیر ناکەنەوە . ئەندامەتیی تورکیە لە پەیمانی ناتۆدا و داوای ئەو وڵاتە بۆ هاتنە نێو بازاڕی هاوبەشی ئورووپاوە، ئەو وڵاتەی وا لێکردوە کە سەبارەت بە پرسە جیهانی و ناوچەییەکان، پێڕ ەوی لە سیاسەتە گەورەکانی رۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی بکا . بە پێچەوانەی تورکیە، کۆماری ئیسلامی دژی هەموو ئەو ئاڵوگۆرانەیە کە رۆژئاوا لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا پشتگیرییان دەکات . بۆیە ئەوو دوو وڵاتە ئەگەر بە سەرێک لە پێوەندی دەگەڵ پرسی کوردا لێک نیزیک دەبنەوە، بەسەرێکی دیکەوە لە پێوەندی دەگەڵ پرسە جیهانی و ناوچەییەکان لێک دوور دەکەونەوە . بەڵام کۆماری ئیسلامی لەو قۆناغەدا بە سەرنجدان بە رووخانی ئیحتمالیی ڕێژیمی بەشار ئەسەد وەک تەنیا هاوپەیمانی خۆی، هەو ڵدەدا خۆ لە کێشە دەگەڵ تورکیە بپارێزێ و زیاتر بەدوای خاڵە هاوبەشەکاندا بگەڕێ.

دەگەڵ ئەوە کە حکوومەتی مالکی پەلامارەکەی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە رواڵەت ئیدانە کردوە، بەڵام شیمانەی ئەوە دەکرێ کە مالکی _ نەک حکوومەتی عێراق _، لە بنەوە چرای سەوزی دابێتە تورکیە و کۆماری ئیسلامی بۆ ئەنجامی ئەو هێرشە . هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی لاوازی حکوومەتی مالکی لە نێو لایەنەکانی دەسەڵات لە عێراقدا لە لایەک و، پۆزیسیۆنی بە هێزی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا، لە لایەکی دیکەوە. بەڵام روون و ئاشکرایە کە لەو سناریۆیەدا

دوو حکوومەتی ئێران و عێراق لە پێوەندی دەگەڵ کێشەی کورددا، دەستیان ئاوەڵاترە و هەر بەم هۆیەشەوەیە کە دەوری ئەکتیوتر دەگێرن .

نەبوو، بێجگە لەوە کە دیاردەیەکی پۆزتیڤە بۆ کوردی سوریە، هۆی قورسایی پەیداکردنی پرسی کورد بە گشتی . بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە دەوری کورد لە رەوتی گۆڕانەکانی سوریەدا، بەستراوەتەوە بە یەکگرتن و رێکخراوبوونی کورد لە لایەک و گوتارێکی هاوبەشی کورد لە لایەکی دیکەوە، کە تێیدا ویست و داخوازەکانی کوردی ئەو بەشەی تێیدا گەلاڵە کرابێ .

کۆماری ئیسلامی و تورکیە نیگەرانی ئەوەن کە کوردەکانی سوریە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانانەدا

دژی تورکیە بکاتەوە . بە پێی راپۆرتی رۆژنامەی فرانکفۆرت ئەلگمانە کە لە ئاڵمان دەردەچێ، یەک لە سێی پێکهاتەی پ. ک. ک لە کوردەکانی سوریە پێک دێ . لە لایەکیتر و لە هەمانکاتدا تورکیە نیگەرانی ئەوەشە کە لەو هەلومەرجەدا هێزەسیاسییەکانی باشووری کوردستانیش لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرن و بە پشتیوانی و پشتگەرمیدان بە کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان، ئاستی داواکانیان بەرنە سەرێ .

بێجگە لە مەسەلەی کوردەکانی سوریە، هەڵسوکەوتی

دیارە گەلێک هۆکاری جۆراوجۆر بۆ ئەو گۆڕانە لە پێوەندێیەکانی دوولایەندا هەن، بەڵام دەکرێ کۆی ئەو هۆکارانە لە دوو تەوەرەی سەرەکیدا کۆ بکرێنەوە . یەکەم، هەتا زەمان زیاتر تێدەپەڕێ پێوەندێیەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چ لە ئاستی نێوخۆیی عێراق و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا، لە پەرەئەستاندن و بەرز بوونەوە دایە . سەردانی کاربەدەستانی باڵاو بە تایبەتی کاربەدەستانی گەورە هێزەکانی جیهان بە گشتی و کرانەوەی کۆنسولخانەی بەشێکی





**بەهانەی ئەو هێرشە هەرچییەک بێ ئەوە لەمەر چاوی کوردان ون ناکات کە ئامانجی سەرەکیی هێرش بۆ سەر قەندیل، ئەو ریزە پێشکەوتن و پێشەوەچوونانەیە کە مەسەلەی کورد لە باکوور و باشوور و رۆژئاوای کوردستانەوە بەخۆیەوە دیوە**

بەهانەی ئەو هێرشە هەرچییەک بێ ئەوە لەمەر چاوی کوردان ون ناکات کە ئامانجی سەرەکیی هێرش بۆ سەر قەندیل، ئەو ریزە پێشکەوتن و پێشەوەچوونانەیە کە مەسەلەی کورد لە باکور و باشوور و رۆژئاوای کوردستانەوە بەخۆیەوە دیوە . سەرکەوتنی بەرچاوی کوردەکانی باکووری کوردستان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایانەی تورکیەدا کە بوو بە هۆی وەدەست هێنانی شێست لە سەدی دەنگەکان، هاتنە میدانی کوردەکانی سوریە لە ئەنجامی شۆرشێکی هەمەلایەنەدا و هەروەها پێشکەوتنەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری دیپلۆماسییەوە، لەو دیاردانەن کە بوونەتە جێگای نیگەرانیی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەر دا دابەش کراوە. . راپەرینی گشتیی پێکهاتەکانی سووریە لە دژی حکوومەتی بەشار ئەسەد، کە تێیدا کوردەکانیش رۆڵی ئەکتیڤ دەگێرن، بۆتە هۆی ئەوە کە دەستوپێی کوردەکانی ئەو وڵاتە هەتا رادەیەکی زۆر بکرێتەوە . هاتنە کایەی فاکتۆری کورد لە سوریە کە هەتا ئێستا کارتێکەرییەکی ئەوتۆیان لە سەر مەسەلە سیاسییەکان لەو وڵاتە

کە سوریەیان گرتۆتەوە، هەم لە ئاستی نێوخۆیدا و هەم لە ئاستی دەرەوەدا، زیاتر ببنە خاوەنی رۆڵی خۆیان . بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا زۆرترین حەساسییەتی بەو مەسەلە هەیە دەوڵەتی تورکیەیە. . چونکە لە لایەک سنوورێکی زۆری دەگەڵ سوریە هەیە کە زۆربەی نیزیک بە تەواوی بە نێو خاکی هەردووک بەشی کوردستاندا تێدەپەڕێ، لە لایەکی دیکەوە، تێکەڵاویی مێژوویی و هەبوونی زاراوەی هاوبەش لە نێو کوردەکانی باکوور و رۆژئاوای کوردستان، پێوەندییەکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوان دانیشتوانی ئەو دووبەشەی کوردستان پێک هێناوە . تەقریبەن سەدی دەی حەشیمەتی سوریە کوردن کە لە سنووری تورکیە کە دەبێتە باکوری کوردستان دەژین . هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی کوردستانی سوریە بگرێتەوە، کارتێکەریی راستەوخۆی دەبێ لە سەر کێشەی کورد لە تورکیە . ئانکارا لە لایەک نیگەرانی ئەوەیە کە پارتی کریکارانی کوردستان کە رێکخراو و پێگەی تایبەت بە خۆی لە نێو کوردەکانی رۆژئاوا دا هەیە، لەو هەلومەرجە کەڵک وەرگرێ و بە درێژایی سنوورەکانی کوردستان، بەرەیەکی دیکە لە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ماوەیەکی زۆرە کە بۆتە هۆی نیگەرانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران . هەرچەند لەو بارەوە تورکیەش خەیاڵی لە بارەی حکوومەتی هەرێمەوە زۆر ئاسوودە نیە . بەڵام زیاتر لە ساڵێکە کە پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی تورکیە گەیشتۆتە ئاستێک کە دەکرێ بڵێین جۆرێک مودارا بە سەریدا زاڵە . لەوبارەوە دەکرێ بڵێن کە پێوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڵ تورکیە لە لایەک و کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە، رەوتێکی بە تەواوی پێچەوانەی پێواوە.

تورکیە لە ژێر کارتێکەریی سیاسەتەکانی رۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی، هەتا دێ زیاتر بەرەو ئەوە دەچێ کە بە جۆرێک لە جۆرەکان حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەحەممول بکا . بەڵام بە پێچەوانە، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتاوە پێوەندیی دەگەڵ هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بە گشتی و حکوومەتی هەرێم بە تایبەتی باش بووە، بەڵام هەتا زەمان زیاتر تێدەپەڕێ ئاستی پێوەندێیەکانی دەگەڵ بەشێک لەو هێزانە و حکوومەتی هەرێم دادەبەزێ .

بەرچاوی وڵاتان بە تایبەتی هی ئەمریکا لەو دوایانەدا لە هەولێر، نیشاندەری ئەم راستییە . ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە هەتا چەند مانگێتر دەبێ هێزە نیزامییەکانی ئەمریکا عێراق بەجێ بهێڵن . ئەمە جگە لەوە کە رووداوێکی گرینگە، خۆی لەخۆیدا ماناو مەفهوومێکی تایبەتیشی بۆ هەرێمی کوردستان تێدایە.

سەنگ و ئیعتیباری حکوومەتی هەرێم لە ئاستی عێراقدا لەوەش زیاترە . لە لایەک پێکهێنانی کەشێکی ئەمنیەتی باش لە کوردستان بە نیسبەتی باشوری لایەک و پەرەپێدان و بووژانەوەی ئابووریی کوردستان لە رێگای هێنانە کایەی کەرتی تایبەت، هەبوونی دێموکراسییەکی رێژەیی و ئازادیی رادەربرین و پێکهێنانی سیستمی پارلمانی چەند حیزبی کە بە نیسبەتی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست ئەگەر نەڵێین دەگمەنە دەبێ بڵێین یەکێک لە دەگمەنەکانە، لەوشتانەن کە یارمەتییەکی باشیان بە ناووناوبانگی حکوومەتی هەرێم کردوە . لە لایەکیترەوە، نێوبژیوانیی سەرکردایەتیی کوردی باشوور لە نێوان لیست و فراکسیۆنە جیاوازەکانی لایەکدا کە ماوەی ساڵێک دوای هەڵبژاردنی پارلمان

بە هیچ ڕێککەوتنێک نەگەیشتبوون، و پێکهێنانی دەوڵەتی نوی سەرەرای هەوڵە بێئاکامەکانی دەوڵەتانی ناوچە، بێجگە لەوە کە پلە و پایەی حکوومەتی کوردستانی بەرز کردەوە، بوو بە هۆی حەساسییەتی هێندێک لە دەولەتانی ناوچە و یەک لەوان کۆماری ئیسلامی. چونکە کۆماری ئیسلامی، عێراق بە ناوچەی نفووزی خۆی دەزانێ و پێی وایە بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکانی ئەو وڵاتە، ئەوە تارانە کە دەبێ قسەی ئاخر بکات .

دووهەم هۆکاری نێوان ناخۆشیی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ بوونی پەژاک لە سەر سنورەکانی ئێران . پەژاک هەم دەتوانێ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ئەو سنوور بەزاندنەی هۆکار بێت و هەمیش دەتوانێ بەهانە بێت. چ هۆکار بێ یاخود بەهانە، هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە بە هۆی بوونی ئەو رێکخراوە لە سەر سنوورەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، باجەکەی دەبێ کۆمەڵانی خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم بیدات. ئەگەر لە جێگای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەوڵەتی ناوەندی لایەک لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی کۆنترول کردبایە، رەنگبوو ئەو دەم پێویست نەبوایە کە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی هێرش بکاتە سەر ئەو سنوورانە، بەڵکو ئەو ئەرکە حکوومەتی ناوەندی بۆ خۆی وەئەستۆی خۆی دەگرت. بۆیە پێویستە کە ئێمەی کورد لانیکەم قەدری ئەوە بزانین کە ئەمرۆ سنوورەکانی باشووری کوردستان لە لایەن کورد خۆیەوە ئیدارە دەکرێ. بەڵام ئەوە لە عەینی حاڵدا کە خالێکی بەهێزە بۆ کورد، دەتوانێ خالێکی لاوازیش بێ بۆ سەجەم جووڵانەوەی کورد. هەر لێرەشەوە بەو راستییە دەگەین کە ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کورد، قەرار بێ بە گوێرەی پرینسیپە نەتەوەییەکان بجووڵێنەوە، پێویستە ئەوە وەبەر چاو بگرن کە سیاسەتی نەتەوەیی جادەیەکی یەک تەرەفە نیە، بەڵکو دوو تەرەفەیە . هەر ئەندازە کە کوردی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان پێویستە مشووری خەباتی بەشەکەی خۆیان بخۆن، بە هەمان ئەندازەش پێویستە ئاگایان لە بەرژەوەندی بەشەکانی دیکە بێ . دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بیست ساڵی رابردوودا، کوردی بەشەکانیتری دەگەڵ شکڵێکی نوی لە دەسەڵاتی کوردی کە لە ئاستی یاسادا روبەروو کردووە . ئەو دیاردە نوێیە دەگەڵ ئەوەی هێندێک ئەرک و بەرپرسایەتی دەخاتە ئەستۆی هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە، حکوومەتی هەرێمیش دەگەڵ هێندێک دووربینیی زیاتر و هەروەها ئەرکی نوێتر رووبەروو دەکات .

# هەڵبژاردنی مەجلیس و ململانێی نێوان کۆنەپارێزان

رەحمان سەلیمی

هەڵبژاردن، نیشاندانی ئیرادەی گشتییە بۆ رەواییدان بە دەسەڵات و بەرپرسایەتی، دیارترین دەرکەوتەی سیستەمە دیمۆکراتیکەکانی سەردەمە، گرەنتیی پاراستنی ئەمنییەت و ئاشتی دەکا لە هەر وڵاتێکدا و پێش بە قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن کەس یان گرووپێکەوە دەگرێ. هەڵبژاردن باشترین جۆری دەستاودەست کردنی دەسەڵاتە کە لە لایەن کۆمەڵگەوە دانی پێدا دەنرێ. ئەوەندەی چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن گرینگە، ئەوەندە خودی هەڵبژاردنەکە گرنگ نییە. بە واتایەکی دیکە هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد، بەرزترین داهێنانی مرۆڤە بۆ پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە ژینی ئاشتیانە.

یەکێک لەو چەمکانەی کە لە سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا لە واتا راستەقینەکەی بەتاڵ دەکرێ و گۆڕانی جەوهەریی بە سەردا دێ، چەمکی هەڵبژاردنە. لێرەدا هەڵبژاردن بەڵگەی رەوایی بوون نییەو دەرخەری ئیرادەی جەماوەرییش نییە، بەڵکو بەکارهێنانیەتی بۆ مەبەستی ناپاک، گاڵتە کردنە بە یەک لە بایەخە هەرە بەرزەکانی دێمۆکراسی لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی تاک یان بنەماڵە یان گرووپێکی تایبەت.

### وڵاتی هەڵبژاردنەکان

ئێران لەو وڵاتانەیە کە زیاترین هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجام دەدرێ: هەڵبژاردنی سەرکۆماری، هەڵبژاردنی مەجلیس، هەڵبژاردنی شوورای شار و دێهاتەکان، هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان و . . . لە ماوەی زیاتر لە سێ دیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بە دەیان هەڵبژاردنی سەراسەری بەڕێوە چووە کە رێژەیەکی بەرچاو لە خەڵک تێیدا بەشدار بوون.

هەڵبژاردن بریتی نییە لە رۆژی دەنگدان، بەڵکوو کۆی ئەو رووداوانە لە خۆ دەگرێ لە دەرکردنی یاسای میکانیزمی هەڵبژاردن و ناونووسیی بەربژێرەکان و پڕوپاگەندە و دەنگدان و بژاردنی دەنگەکان و راگەیاندنی ئاکامەکان. ناڕوونی لە هەرکام لەو قۆناغانەدا دەبێتە هۆی لەبار بردنی هەڵبژاردنێکی پاک.

وا بڕیارە مانگی رەشەممەی ئەم ساڵ هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە ئێران بەڕێوە بچێ و بۆ ئەو مەبەستەش ماوەیەکە پێکهاتەی مەجلیسی داهاتوو و سەفبەندیی لایەنەکانی نێو دەسەڵات و هەروەها ئۆپۆزسیۆن بۆتە بابەتی سەرەکیی نێو کەشی سیاسیی ئێران و مشتومڕی نێوان لایەنەکان لە سەر ئەو بابەتە تادێ گەرمتر دەبێ. ئەو هەڵبژاردنە لە زۆر لایەنەوە گرینگ و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزە، کە ئاماژە بە هەندێک لەو لایەنانە دەکەین:

١- شیمانە دەکرێ چارەنووسی هەڵبژاردنی داهاتووی سەرکۆماری لەو هەڵبژاردنەدا یەکلایی ببێتەوە، بە واتایەکی دیکە براوەی هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆیەم، براوەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری داهاتووش دەبێ. گرینگیی ئەو مەسەلەیە ئەو کاتە دەردەکەوێ کە بزانین تیمی ئەحمەدی نەژاد و مەشایی لەمێژە لە هەوڵی ئەوە دان سنووربەندییەک لەگەڵ باڵی کۆنەپارێزی نێو دەسەڵات بکەن و خۆیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو رێک بخەن. دەکرێ دەرکردنی گۆڤاری «خاتون ١» وەک پاشکۆی رۆژنامەی «ایران» کە باڵی میدیایی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژادە و لەگەڵ رەخنە و دژایەتیی بەربڵاوی کۆنەپارێزان بەرەوڕوو بۆوە، وەک دەرکەوتەیەکی ئەو ململانێیە ئەژمار بکەین.

٢- پاش هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری و سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی جەماوەری سەبارەت بە ئاکامەکان و سەرکوتی بزووتنەوەی سەوز، باڵی رێفۆرمخوازی نێو دەسەڵات کەوتە بەر تووڕەیی و نەفرەتی کۆنەپارێزان و بە فیتنەگێڕ ناوبران و دەرفەتی بەشداریان لە دەسەڵاتدا بەربەست کرا. هەر بۆیە تا ئێستاش روون نییە کە ئایا رێفۆرمخوازان لەو هەڵبژاردنانەدا بەشداری دەکەن یان نا. لە ئەگەری نەمانی رێفۆرمخوازان لە ململانێکاندا، بەرەی کۆنەپارێز کەلێنی تێکەوتوە و بە سەر چەند جەمسەری دژیەک دا دابەش بووە. لە لایەک لایەنگرانی ئەحمەدی نەژاد بە رەوتی لادەر ناوزەد دەکرێن و لە لایەکی دیکەشەوە کۆنەپارێزانی نزیک لە خامنەیی بە سەر چەند بەرەدا دابەش بوون و وێدەچێ هەرکام بە لیستی جیاواز بەشداری لە هەڵبژارد دا بکەن.

٣- شۆڕش و سەرهەڵدانە جەماوەرییەکانی وڵاتانی ناوچە و لە نێوچوونی یەک لە دوای یەکی دیکتاتۆرانی ناوچە، بەستێنی خەباتی دژە یکتاتۆری و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان و یەک لەوان هەڵبژاردنەکانی ڕەخساندوە. بە تایبەت بە سەرنجدان بەوەی پوتانسیەلی بەرینی ناڕەزایەتیی جەماوەری، ئەزموونی سەرهەڵدانەکانی دوو ساڵ لەمەوبەری لە پشتە.

٤- قەیرانی مەشرووعیەتی دەسەڵات هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوە، بە شێوەیەک کە بە هۆی زاڵبوونی پرۆسەی بەجیهانیبوون و جێگیر بوونی بایەخە دیمۆکراتیکەکان، خەڵک لە نێوخۆی ئێران بەرهەڵستیی حکوومەتی ئایینی و ئیدئۆلۆژی ویلایەتی فەقیە دەکەن و کۆماری ئیسلامی بە هۆی نابەرپرس بوونی لە بەرابەر کۆمەڵگەی جیهانیدا بەرەوڕووی قەیران بۆتەوە.

**هەڵبژاردن بریتی نییە لە رۆژی دەنگدان، بەڵکوو کۆی ئەو رووداوانە لە خۆ دەگرێ لە دەرکردنی یاسای میکانیزمی هەڵبژاردن و ناونووسیی بەربژێرەکان و پڕوپاگەندە و دەنگدان و بژاردنی دەنگەکان و راگەیاندنی ئاکامەکان. ناڕوونی لە هەرکام لەو قۆناغانەدا دەبێتە هۆی لەبار بردنی هەڵبژاردنێکی پاک.**

### بەرەی یەکگرتووی کۆنەپارێزان

ئەو گرینگی و تایبەتمەندییانەی لە سەرەوە باسمان کرد کەسایەتی و حیزب و لایەنە کۆنەپارێزەکانی پاڵ پێوە ناوە تا لە دەوری یەکدی کۆ ببنەوە و تا ئەو جێگەیەی بۆیان دەلوێ بە لیستێکی یەکگرتوو بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. بەرەی یەکگرتووی کۆنەپارێزەکان کە لە بەشێکی بەرچاو لە کۆنەپارێزانی نزیک لە خامنەیی و بە دەستپێشخەریی ئایەتوڵڵا مەهدەویی کەنی سەرۆکی مجلیسی خیبرەگان پێک هاتوە، دیارترین و گشتگیرترین هاوپەیمانییە کە سەرقاڵی خۆئامادە کردنە بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا. کەسایەتیی تەوەری، تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەو بەرەیەیە و بە تەواوی جێگەی بە بەرنامەتەوەری لێژ کردوە. ئەو بەرەیە هیچ پلان و بەرنامەیەکی بۆ داهاتوو نییە و تا ئێستاش بە سنووربەندیی لەگەڵ رێفۆرمخوازان و بە تایبەت لەگەڵ کۆنەپارێزانی سەر بە ئەحمەدی نەژاد خۆی پێناسە دەکا، واتە مەرجی سەرەکیی ئەندامەتی لەو بەرەیەدا، دژایەتیی ئاشکراو بە کردەوەی رەوتی فیتنە (رێفۆرمخوازان) و رەوتی لادەر(کۆنەپارێزانی سەر بە ئەحمەدی نەژاد) بە یەکەوەیە.

بەڵام لە پەنا بەرەی یەکگرتوودا، «بەرەی پایەداری» پێی ناوەتە نێو گۆڕەپانی سیاسیەوە و پشتیوانیی کەسایەتیی بەهێزی وەک ئایەتوڵڵا میسباحی یەزدی لە پشتە. ئەو بەرەیەش خاوەن هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە کە لە بەرەی یەکگرتوودا دەبینرێن و بە زەحمەت دەکرێ لە خاڵی جیاکەرەوە بگەڕێین لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا. لە هەمان کاتدا لەم رۆژانەدا مشتومڕی نێوان ئەندامانی سەر بەو دوو بەرەیە بۆتە رۆژەڤ و هەر دوو لا یەکتر تاوانبار دەکەن. ئەو کەلێنەی نێوان کۆنەپارێزان سێ خوێندنەوەی سەرەکی هەڵدەگرێ:

١- زەقبوونەوەی کێشە و ململانێی نێوان کۆنەپارێزان لە نەبوونی رێفۆرمخوازان دا و شەڕ لە پێناو بەدەستەوە گرتنی هەرچی زیاتری ناوەندەکانی دەسەڵات.

٢- هەوڵدان بۆ گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردنەکان و راکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان لە رێگەی بە چەند جەمسەری کردنی هەڵبژاردنەوە.

٣- کۆکردنەوەی ئەو هێز و لە ئاکامدا دەنگدەرانەی کە لە دوای ئاشکرابوونی کێشەکانی نێوان ئەحمەدی نەژاد و خامنەیی دا لە بەرەی ئەحمەدی نەژاد دابڕاون.

وێدەچێ نیگەرانیی سەرەکیی خامنەیی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەدەستەوە گرتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە کورسیەکانی پارلەمان لە لایەن باندی ئەحمەدی نەژادەوە بێ کە هەوڵ دەدا ئیمکاناتی دەوڵەت بۆ پڕوپاگەندە و تەنانەت بۆ دەسکاریی ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە قازانجی خۆی بەکار بێنێ و بەستێنێکی لەبار بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماریی داهاتوو برەخسێنێ. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان ئوسوولگەراکانی نێو دەسەڵات کە لەمێژ ساڵە لە بەرابەر رێفۆرمخوازاندا کێشەکانیان وەلا ناوە و لە پێناو بەرژەوەندییەکی گەورەتردا یەکیان گرتوە.

# لەززەتی ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و بەردەوامیی رەشەبای مەرگ لەم هەرێمەدا

عەلی بداغی

رۆژی ٩ ی گەلاوێژ ئارمان مەلایی، ١٥ ساڵە و خەڵکی مەریوان لە نیزیک سنوور کەوتە بەر دەسرێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و دەسبەجێ گیانی لە دەست دا.

ئەو تازەلاوە دوای داخرانی قوتابخانەکان بۆ یەکەم جار ویستبووی لە ناوچە سنورییەکانی شاری مەریوان بە کرێباری و کۆڵکێشی یارمەتیی بنەماڵەکەی بدا، بەڵام یەکەم رۆژی کار کردنەکەی وێڕای چەند هاورێیەکی هاوتەمەنی بە هۆی ماندوویەتی لە نیوەی رێ خەویان لێ دەکەوێ و بە دەنگی بگرە و بکوژەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە خەو رادەپەڕن و را دەکەن.

هێزە چەکدارەکانی رێژیمیش لە پشتەوە دەسرێژیان لێ دەکەن کە بە داخەوە ئارمانی تەمەن ١٥ ساڵ بە سێ گوللە دەپێکرێ و لە جێدا گیان دەدا و دەمرێ.

هەر تەنیا ٣ رۆژ دواتر و ئەو جارەیان لە سەردەشت، عوسمان عەبدوڵلاهیی ١٩ ساڵان دەبێتە سیبلی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و بە تاوانی پێبوونی تەلەڤیزیۆنێکی ئێل سی دەدرێتە بەر گوللە و دەکوژرێ.

کوژرانی ئەو دوو تازەلاوەی کورد لە ماوەی سێ رۆژدا لە حاڵێک دایە کە هێزە ئەمنیەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو دوو مانگی هاوینەدا لانیکەم ١٤ کاسبکاری زەحمەتکێش و چەوساوەی کوردیان لە ناوچە سنورییەکانی کوردستان کوشتوە و لانیکەم ١٨ کەسیشیان بریندار و نقوستان کردوە.

بڵاوبوونەوەی بەردەوامی ئەو هەواڵانە لە میدیاکانی کوردستاندا وای کردوە کە قورسایی و تاڵیی ئەو تراژیدییە لە کوردستان کاڵتر لە جاران بێتە بەرچاو و وەک واقعێکی ئاسایی ژیانی کوردان چاوی لێ بکرێ. بیانووی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەردەوامیی جینایەتەکانیان لە کوردستان ئەوەیە کە بەو کارانەیان پێش بە پەرەسەندنی دیاردەی قاچاغچێتی لەو ناوچەیەی ئێران دەگرن، بەڵام جارێ بێ باس کردن لەوەی کە ئاخۆ ئەو کار و پیشەیەی خەڵکی کورد رووی تێ کردوە قاچاغچێتییە، یان ئەوەی کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە لە کوردستان چین؛ هەر لە جێدا دەسرێژ و ئەو هەموو کوشتارە سەرەڕۆیانەیە



لە خەڵکێکی بێدەرەتانی بێ بژیو هیچ پاساوێک هەڵ ناگرێ کە هیچ چارەیەکی دیکەیان بۆ خۆبەڕێ بردن و دابینکردنی ژیانی خۆیان و بنەماڵەیان نییە.

هەر لە جێشدا لە وڵاتێکدا کە بەپێی راپۆرتەکانی ویکی لیکس بە شارەگی ترانزیتی مادە هۆشبەرەکان بۆ ئاسیای نێوەڕاست و ئورووپا دادەنرێ و، هەر بە پێی لێک لە هەڵلادانەکانی باڵەکانی نێو رێژیم، میلیارد میلیارد دۆلار قاچاغ لە رێگەی بەندەر و فرۆکەخانە رەسمییەکان و ئیسکەلە نادیارەکانەوە دەکرێ، تەقە کردن لە مێرمنداڵێکی ١٥ ساڵان و تازەلاوێکی ١٩ ساڵان کە سیپە چایەک یان بارە بنێشت و کریستاڵێک و تەلەڤزیۆنێکیان لە کۆڵ ناوە، جیا لە دامرکاندنی چێژ و لەززەتی ئینسانکوژی دەتوانرێ بە چی تەعبیری لێ بکرێ.

سەیر لەوە دایە کە کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا رۆژ نییە کەس یان کەسانێک لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە

ل ٩

# فتواکەی خومەینی بڕیارێکی ئایینی یان ژینۆسایدی نەتەوەیەک؟

**سیروان موساپوور**

٣٢ ساڵ بەسەر دەرچوونی بڕیاری هێرش بۆ سەر کوردستان لە لایەن خومەینییەوە تێپەڕ بوو. ٣٢ ساڵ لەمەوبەر لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ دا، فتوای قەڵاچۆکردنی نەتەوەیەک لە لایەن یەکێک لە ڕێبەرە دڵڕەشەکانی سەدەی بیستەم دەرکرا و لە لایەن هێزە گوێ لە مستەکان و بە ڕێنوێنیی تاقمێک لە ئاخوندە چاو لەدەستەکان دەس بە جێبەجێکردنی کرا. بڕیارێک، کە ٣٢ ساڵ لەمەوپێش دەرچوو، لە ماوەی ئەم ٣٢ ساڵەدا هەر جارە بە ڕەنگێک و هەر ڕۆژە بە شێوەیەک نوێ کراوەتەوە و بەڕیوە چووە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە بەڕاستی دەرکردنی وەها فتوایەک دەرحەق بە بەشێک لە دانیشتوانی وڵاتێک لە لایەن ڕێبەری ئەو وڵاتەوە کە نازناوی «ئایەتوڵڵا»شی لەسەر بێ، دەکرێ بە بڕیارێکی ئایینی پێناسە بکرێ یان لە ڕاستیدا بڕیاری ژینۆسایدکردنی نەتەوەیەک بوو و ئەم جارەشیان ئایین وەک ئامرازێک لە لایەن سیستمی دەسەڵاتدار و شەخسی ڕێبەرەوە کەڵکی لێ وەرگیرا ؟!

دەرکردن و جێبەجێکردنی بڕیاری هێرش بۆ سەر نەتەوەیەکی بێدیفاع لە چوارچێوەی وڵاتێکدا و خاوەنی ئایینی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست لە لایەن ڕێبەر و سیستمی دەسەڵاتدارەوە، زیاتر لەوەیکە وەک بڕیارێکی ئایینی خۆی بنوێنێ، وەک بڕیارێکی نائیسلامی و نائینسانی و لە ڕاستیدا وەک ژینۆسایدی ئەم نەتەوەیە دێتە ئەژمار، کە بێگومان بەرپرسانی دەسەڵاتدار و لە سەرووی هەموویشیانەوە شەخسی خومەینی وەک بڕیاردەری سەرەکی، باش لەم مەسەلەیە ئاگادار بوون .

ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو دوای هاتنە سەرکار بە مەبەستی یەکڕەنگ کردن و یەکدەنگ کردنی خەڵکی ئێران و بۆ هەرچی زووتر سەقامگیرکردنی پایەکانی حاکمییەت و دامرکاندنەوەی هەستی گڕگرتووی کۆمەلانی خەڵک، لە بەکارهێنانی هەر چەشنە بڕیار و کردەوەیەک و پەنابردن بۆ هەر جۆرە فێڵ و تەڵەکەیەک تەنەخی نەدەکرد لەم نێوەشدا گرینگ نەبوو کام گەل و نەتەوە ئاسەواری دەبڕێتەوە و کام کلتوور و فەرهەنگ دەسڕێتەوە. بڕیاری هێرش بۆ سەر خەڵکی کورد و خاکی کوردستانیش ڕاست لە پێناوی بەڕێوەبردنی ئەم ستراتێژییەتە و بە ئامانجی قەڵاچۆکردنی خەڵک و سڕینەوەی کلتوور و شوناسی ئەم نەتەوەیە بوو. بۆ هەرچی زیاتر و زووتر بێدەنگ کردنی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان خومەینی بڕیاری ژینۆسایدکردنێکی هەمەلایەنەی بۆ سەر ئەم نەتەوەیە دەرکرد کە لە پاش مەرگی ناوبراویش بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو جێبەجێکردنی هەر درێژەی هەبووە.

لێرەدا بە کورتی باسێک لە پێناسە و ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم ژینۆسایدە دەکەین:

هەروەک لە پێناسە جیاجیاکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، ژینۆساید لە دوو وشەی (Genos) بە واتای ڕەگەز و (Caeder) بە واتای کوشتن یا فەوتاندن پێک هاتووە کە بەسەریەکەوە واتای فەوتاندنی کۆمەڵە خەڵکێکی نەتەوەیی، ئێتنیکی، ڕەگەزی یان ئایینی دەگەیەنێ. بەڵام هەروەک لە کتێبی (جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا) لە نووسینی بەڕێز دکتۆر مارف عومەرگوڵ ئاماژەی پێکراوە، ئەم فەوتاندنە ڕەهەندی جۆراوجۆر و شێوازی فرەچەشنی هەیە کە ژینۆسایدی جەستەیی، بایۆلۆژی، ئابووری و کلتووری وەک دیارترین و شوێندانەرترین جۆرەکانی ژینۆساید دێنە ئەژمار.

بە سەرنجدان بە دەرچوونی بڕیارەکەی ساڵی ٥٨ی خومەینی و دواهات و شوێنەوارەکانی ئەو بڕیارە، دەتوانین بڵێین کە هەر لە دوای دەرچوونی بڕیارەکەوە هەتا ئێستا چەند چەشنە ژینۆسایدێک دەرهەق بە کورد پیادە کراوە کە بە کورتی دەتوانین ئاماژە بە دوو نموونەی زەق و بەرچاویان بکەین:

ژینۆسایدی جەستەیی (فیزیکی): پێناسەیەک کە «گوبین» بۆ ئەم چەشنە ژینۆسایدەی کردوە، بریتییە لە: «کوشتن بە هەر جۆرێک بێت». کەواتە بە پێی ئەم پێناسەیە ئێعدام و گوللەباران کردن، هێرشی سەربازی، بە کۆمەڵ کوشتن و بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەکوو کیمیاوی و فۆسفۆری و ژاراوی و ...بە بەشێک لەم جۆرە ژینۆسایدە لە قەڵەم دەدرێن. لە ژێر ڕووناکایی ئەم پێناسەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم شێوازەی ژینۆساید لە تەواوییەتی خۆیدا لە کوردستان جێبەجێ کراوە. ئێعدام کردن و لە سێدارەدانی هەزاران کەس لە کەسانی سەربەخۆ و ئەندام و لایەنگری حیزبە کوردییەکان، سەدان جار هێرش و لەشکرکێشی بۆ سەر خاکی کوردستان، کوشتن و کۆمەڵکوژ کردنی خەڵکی دەیان گوندی کوردستان، تاقیکردنەوە و بەکارهێنانی دەیان جۆرە چەک و تەقەمەنی لەسەر گەلی کورد و تیرۆرکردنی دەیان ڕێبەر و سەدان کادر و مرۆڤی نیشتمانپەروەر لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، بێجگە لە ژینۆسایدێکی توندی جەستەیی چ ناوێکی دیکەی لێ دەنرێ؟ ئەگەر کوشتنی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی و کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی قاڕنێ و قەڵاتان و دەیان گوندی دیکە و نەورۆزی خوێناویی سنە — هەرچەند ماوەیەک پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە بوو - و دەیان نموونەی دیکەی ژینۆساید نەبن، ئاخۆ دەکرێ ناوێکی دیکەیان لەسەر دابنرێ؟

ژینۆسایدی کلتووری: دوکتۆر مارف عومەرگوڵ بەم شێوەیە پێناسەکەی «ئەندریوخین» بۆ ئەم جۆرە لە ژینۆساید دەخاتە بەرچاو: ژینۆسایدی کلتووری بریتییە لە قەدەغەکردنی زمان و ڕۆشنبیری و شێواندنی مێژوو و فەوتاندنی تایبەتمەندیی نەتەوەیی و نەهێشتنی یەکیەتیی هاوبەشی نێوان خەڵک. هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەکوو ڕووخاندنی پەیکەر و ئەشکەوت و موزە و گەڕەک و گەرماو و بازاڕ و مزگەوت و کڵێسە و هەموو شوێنەوارێک کە پاشماوەی کۆن یا نوێ بێت و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێ.

هەموو لایەک ئاگادارن کە لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا نە تەنیا ڕێگەنەدراوە زمانی کوردی لە قوتابخانە و ناوەندەکانی فێرکردن و بارهێناندا بخوێنرێ، بەڵکوو ئەگەر جاروباریش ڕۆژنامە یان گۆڤارێک بە زمانی کوردی دەرچووبێ، ئەوا زۆربەی کاتەکان بە بیانووی سیاسی هەوڵی داخستنیان دراوە و ڕێگەی بڵاوبوونەوەیان لێ گیراوە. داخستنی ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان، گرتن و دوورخستنەوەی کەسایەتییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان، دەرکردنی مامۆستا و خوێندکارە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکان بە بیانووی هەبوونی تاوانی سیاسی و بیرو ڕای جیاواز، دزین و بە تاڵان بردن و ڕووخاندنی ئاسەوارە مێژوویی و کلتوورییەکان، هەوڵدان بۆ شێواندنی مێژووی نەتەوەی کورد و بە کرێ گرتنی زۆر کەس و کەسایەتیی نەفس نزم لەم پێناوەدا و هەوڵدان بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی چەشنێک فەرهەنگی غەیرە کوردی و لاوەکی بە جێگەی فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی بێگومان بە چەشنێک لە ژینۆسایدی کلتووری دێنە ئەژمار کە لە ماوەی تەمەنی چەندین ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا هەوڵی جێبەجێکردنیان دراوە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کە دەرچوونی بڕیاری هێرش بۆ سەر خەڵکی کورد و خاکی کوردستان لە لایەن خومەینییەوە زیاتر لەوەیکە فتوایەکی ئایینی بێ، بڕیاری بەڕێوەبردنی ژینۆسایدێکی هەمەلایەنە و فرەچەشن بوو کە هەتا ئێستاکەش هەر درێژەی هەیە و هەر ڕۆژەی بە چەشنێک و لە فۆرمێکدا نوێ دەکرێتەوە. ئەرکی گشت لایەن و کەسایەتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە هەروەک چۆن ڕێژیمی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی لە پیادەکردنی ژینۆساید لە کوردستاندا شێوازی جیاجیای بەکار هێناوە و بە کار دێنێ، ئەوا ئەوانیش بە شێوازی جیاجیا بە گژ پیلانە چەپەڵەکانیدا بچنەوە و جارێکی دیکە ئەم دێڕەشێعرەی مام هەژاری موکریانی بە گوێی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی دادەنەوە کە:

«کوردەواری لە دەمی بێگانە
شیرە تریاک نیە، وەک سندانە»



**دەرچوونی بڕیاری هێرش بۆ سەر خەڵکی کورد و خاکی کوردستان لە لایەن خومەینییەوە زیاتر لەوەیکە فتوایەکی ئایینی بێ، بڕیاری بەڕێوەبردنی ژینۆسایدێکی هەمەلایەنە و فرەچەشن بوو کە هەتا ئێستاکەش هەر درێژەی هەیە و هەر ڕۆژەی بە چەشنێک و لە فۆرمێکدا نوێ دەکرێتەوە**

---

**درێژەی:**

## لەززەتی ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و بەردەوامیی ڕەشەبای مەرگ لەم هەرێمەدا

تاوانی قاچاغچێتی! نەداتە بەر گولله، بەڵام کاتێک باس لە دابینکردنی هەلی کار لە کوردستان دەکرێ، هەر ئەو بەناو قاچاغچێتییە وەک کار لە قەڵەم دەدا. چەند ڕۆژ لەوە پێش بوو کە کازمی، فەرمانداری شاری سەردەشت لە وتووێژێکیدا بۆ هەواڵدەریی « برنا» ڕایگەیاند کە سنوورەکانی ئەو شارە لە گەڵ عیراق دەرفەتی کاری بۆ ١٢٠٠٠ کەسی خەڵکی ئەو شارە خوڵقاندوە.

کازمی لە حاڵێکدا بێشەرمانە هاتوچۆ و کۆڵبەری لە سەر سنوورەکان بە کار و خزمەتگوزاریی دەوڵەت بە خەڵکی کوردستان دادەنێ و دەڵێ کە ئەو سنوورانە لە سایەی بەڕیوەبەریی دەوڵەتەوە دەرفەتی کاریان بۆ خەڵک دروست کردوە، کە ڕۆژانە هەر ئەو کەسانە بە تۆمەتی قاچاغچێتی لە لایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەدرێنە بەر گولله و دەکوژرێن و بریندار دەکرێن و کەسیش لە بکوژەکانیان ناپرسێتەوە.

بەڵام گریمان ئەوەی کە هاتوچۆی سەر سنوور و ئەو کاسبییەی کە سەرەڕای هەموو مەترسییەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە ژیانی خۆیانی پێ بەڕێوە دەبەن، ناقانوونی و قاچاغە و مەبەست جێبەجێ کردن و زاڵکردنی قانوونە؛ ئەدی چۆنە لە ماوەی نزیک بە ٣٣ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا و چوون و هاتنی ١٠ دەوڵەت ئێستاش کە ئێستایە ئەسڵی ٤٨ ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران لە کوردستان جێبەجێ نەکراوە؟ ئەسڵێکی قانوونی بنەڕەتی کە بە جێبەجێ بوونی ئەو قانوونە رێ لە هەر چەشنە فەرق و جیاوازیدانانی ناوچەکانی ئێران لەگەڵ یەکتری دەگیرێ و بە سەرمایەدانان لە کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکانی هەر ناوچەیەک هەوڵی بووژانەوە و خەرجکردنی داهاتی ئەو پڕۆژانە لە خودی ناوچەکان دەدرێ! ئەدی چۆنە قانوونەکانی ئەمنییەتی کردن، ڕێگرتن لە ئازادییەکانی خەڵک و قانوونە نووسراو و نەنووسراوەکان بۆ مت و سەرکوت کردنی خەڵکی کوردستان ئاوا بە لێبڕاوی بەهۆی کاربەدەستە گەورە و بچووکەکانی ڕێژیم لە کوردستان جێبەجێ دەکرێن.

خۆ هەر لە جێشدا باس لە جێگیر کردنی ئەمنییەتی هاتوچۆی سنوورەکان و قانوون نییە، چونکی هەر بە پێی بەندی ١٠ مادەی ٣ ی قانوونی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کاتێک دەتوانن لە بەرامبەر تاوانبارێکدا دەست بۆ چەک ببەن، کە یەکەم تاوانبار بوونی ئەو کەسە لە ناوەندێکی قەزایی روون و یەکلا بووبێتەوە، دووهەم ئەوەی کە ئەو کەسە چەکدار بێ و هیچ ڕێگەیەک جگە لە تەقە لێ کردن لەو کەسە بۆ وەستاندن و قۆڵبەست کردنی ئەو لە بەر دەستی هێزە چەکدارەکاندا نەبێ و جیا لەوانەش هێز چەکدارەکان دەبێ لە پێشدا ڕوو بە ئاسمان تەقە بکەن و ئەگەر هەر چاریان ناچار بوو، ئەو جار لە پشتێن بەرەو خوارێی کەسەکە هەڵ بکەن و تەقە لە جێیەکی وا نەکەن کە مەرگی ئەو کەسەی لێ بکەوێتەو. ئەوە قانوونی تەقە کردنی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە تاوانبارانە، بە پێی ئەو قانوونە لە کام دادگادا تاوانبار بوونی کۆڵبەران و کاسبکاران سەلماوە؟ کۆڵبەرانی داماو و بێ دەرەتانی کورد کەی چەکیان پێ بووە و چۆناوچۆنە کە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ناتوانن بیان گەنێ و ڕێیان لێ بگرن؟ کوا کەی لە پێشدا بۆ وەستاندنیان تەقەی ئاسمانییان کردوە، یان دەنا لە پشتێن بەرەوخوار تەقەیان لێ کردوون؟ بەڵکوو پێچەوانە کەوکوژی سیلەیان لێ دەگرن و پەلەپیتکەی چەکەکانیان دەترازێنن.

کەواتە روونە کە هۆکاری سەرەکیی ڕێگەپێدانی ڕێژیم بە هێزەکانی بۆ کوشتاری خەڵکی کوردستان و دەست ئاوەڵا کردنیان بۆ هەرچەشنە توند و تیژییەکی بێ لێپرسینەوە، بۆ هێشتنەوە و زاڵکردنی فەزای ترس و سەرکوت و توندوتیژی لە کوردستان دەگەڕێتەوە تا بەو بیانووە بەکارهێنانی چەک لە کوردستان هەروا ڕمێنی هەبێ و بە نیزامی کردنی بەردەوامی کوردستان پاساوێکی هەر هەبێ.

# ٣٧ ڕۆژ دەسەڵاتدارەتی لە بەرامبەر ٣٧ ساڵ خەباتدا

## ( بە بۆنەی بیستەمین ساڵڕۆژی تیرۆری د.شاپووری بەختیار)

**وەرگێڕان بۆ کوردی سیروان موساپوور**

لە دەسپێکی فەرمانی مەشرووتە لە ١٠٥ ساڵ پێش ئێستاوە و دارشتنەوەی یاسای بنەڕەتیی نوێی ئێران، ئاڵوگۆڕێک لە ڕەوتی سیستەمی پاشایەتیی ٢٥٠٠ ساڵەی ئێراندا پێک هات، ڕادەستکردنی بەشێک لە دەسەڵاتەکانی شا بە سەدری ئەعزەم یان سەرۆک وەزیر نوێگەرییەک بوو کە لە پرۆسەی پێشوەچوون بەرەو دێموکراسی لە ئێراندا هاتە پێش. بەڵام کەسانێک کە ئەم پۆستانەیان پێدەسپێردرا، زۆربەیان کەسانێکی ئاڵقە بە گوێ و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی شا بوون و بە پێی هەلومەرجێکی تایبەت یان بە گوێرەی توانایی و لێوەشاوەیی خۆیان، شا لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتدا کەڵکی لێ وەردەگرتن و پلەوپایە لە زۆربەی بابەتەکاندا هەتا ئاستی پۆستێکی ڕواڵەتی و بێناوەڕۆک دادەبەزی. هەر بۆیەش ئەم کورسییە شل و شەوێقە لە زۆربەی کاتەکاندا وەفایەکی بۆ ئەو کەسانە نەبوو کە پاڵیان پێوە دەدا. لە کۆی ٤٤ کەس کە لە سەرەتای دەرچوونی فەرمانی مەشرووتەوە هەتا شۆڕشی ٥٧ بەم پلە و پایە گەیشتن، ٥ کەسیان تیرۆر کران. شاپووری بەختیار وەک دوایین کەس کە لە سیستەمی پاشایەتیی ئێراندا بە پلەی سەرۆک وەزیری گەیشت، لە زۆر لایەنەوە جیاوازی لەگەڵ هاوتاکانی خۆی هەبوو. ئەو سیاسەتمەدارێکی هۆشیار، نیشتمانپەروەر، خاوەن کەسایەتییەکی سەقامگیر و مرۆڤێکی نەترس بوو و لە هەمان کاتدا کە بڕوانامەی بەرزی خوێندنی ئاکادێمیکی لە یەکێک لە بەناوبانگترین زانکۆکانی ئەورووپا وەرگرتبوو، خاوەن دنیایەک شارەزایی و ئەزموونی سیاسی بوو.

شاپووری بەختیار یەکێک لە ڕۆڵەکانی عێلی بەختیاری بوو. عێلێک کە بە درێژایی مێژوو، هەر جارەی بە هۆی یەکێک لە کەسایەتییەکانی ڕۆڵێکی گرینگی لە مێژووی ئێراندا گێڕاوە. باوکی بەختیار، حەمە ڕەزاخانی سەردار فاتیح لە سەردەمی ناڵیی بەختیاردا، بە بڕیاری ڕەزاخانی پەهلەوی ئێعدام کرا و بەم حاڵەش شاپوور قۆناخەکانی خوێندنی لە ئێران، لوبنان و فەڕەنسا تێپەڕ کرد و سەرەنجام توانی بڕوانامەی دوکتۆرا لە ڕشتەی زانستی سیاسییدا لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس وەربگری. لە هەمان سەردەمدا بە ئەندامبوون لە بزووتنەوەی نەتەوەیی فەڕانسە بە شێوەیەکی پراکتیکی شارەزای چۆنییەتی چالاکییە سیاسییەکان بوو و دواتر توانی خۆی وەک یەکێک لە ئەندامەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی(نهضت ملی)، لە ئێراندا دەربخا. ئەو هەمیشە وەفاداریی خۆی بۆ دوکتۆر موسەددیق دەردەبڕی و وەک نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە، ڕەفتار و هەڵسووکەوتەکانی ناوبراوی بە سەرچەشنی کارەکانی خۆی دادەنا.



لە ماوەی دەسەڵاتدارەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی یانی نزیک بە ٣٧ ساڵ، خەبات دژی سەرەڕۆیی درێژە پێدا و لەم پێناوەشدا بۆ ماوەی ٥ ساڵ و ٨ مانگ لە گرتووخانەکانی ڕێژیمی پەهلەویدا دەسبەسەر کرا. لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی خەڵک دژی سەرەڕۆیی پاشایەتی، بەختیار لەگەڵ کەریم سنجابی و داریوش فرووهەر لە ساڵی ٥٦دا، نامەیەکی سەرئاوەڵەیان ڕوو بە حەمەڕەزا شا بڵاو کردەوە و هاوهەنگاو لەگەڵ ئەمەش وەک یەکێک لە سیما خۆشەویستەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی (نهضت ملی)، لە ڕەوتی خەبات دژی شا دەرکەوت. بەڵام ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لەو سەردەمدا بە شێوەیەک وەرسووڕا کە بەختیار ناچار بوو بە گرتنی بڕیارێک هەموان تووشی سەرسووڕمان بکا. وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیریی کەسێک کە باوکی بە دەستی باوکی ئەو کوژرا بوو و بۆخۆشی ساڵانێکی زۆر خەباتی دژی ئەو و حکوومەتە سەرەڕۆکەی کردبوو.

لەوانەیە گرینگترین هۆکارێک کە بەختیاری ناچار بە وەرگرتنی سەرۆک وەزیریی حکوومەتێکی ڕوو بە هەڵوەشان و ڕووخان کرد، ئاگاداریی ناوبراو لە دواهات و دەرەنجامەکانی هاتنەسەرکاری حکوومەتێک بوو کە ئەو بە «دیکتاتوری نعلین» ناوی دەبرد. بەختیار سی ساڵ پێش شۆڕشی ٥٧، تێزی دوکتۆراکەی لە پێوەندی لەگەڵ دین و دەسەڵاتدا نووسیبوو و باش دەیزانی کە حکوومەتێکی ئیسلامی کە خومەینی ئاڵاهەڵگر و بانگخوازی بوو، شتێک بێجگە لە سەرەڕۆیی ئایینی نابێ. ئەو لەو سەردەمدا ڕەخنەگری سەرەکیی ئەم باوەڕە هەڵەیە بوو کە «دوژمنی دوژمنی ئێمە، دۆستی ئێمەیە». باوەڕێک کە ببوو بە هۆی ئەوەکە زۆربەی هێزە سیاسییەکانی ئەو سەردەم، بە چەپ، لیبراڵ، ئیسلامی، سێکولار و نەتەوەییەوە لەدەوری خومەینی کۆ ببنەوە. کۆدەنگییەک کە تەنیا مەبەستی ڕووخاندنی دەسەڵاتی حەمەڕەزای پەهلەوی بوو بێئەوەیکە شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی بۆ سیستەمی پێشنیارکراوی خومەینی و تیۆریی «حکوومەتی ئیسلامی» ناوبراو هەبێ.

بنەما تیۆرییەکانی زانستی سیاسەت ئەوەیان فێری بەختیار کردبوو کە ڕێگاچارەی وەدیهاتنی دێموکراسی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا شۆڕش نییە و ئەو باش دەیزانی حکوومەتی بەدەسەڵات گەیشتوو لە ڕێگای شۆڕشەوە لە جیهانی سێهەمدا، لە کۆتاییدا لە باشترین حاڵەتدا هەر ئەو سەرەڕۆییەی پێشوو بەرهەم دێنێتەوە. گوڕ و تینی شۆڕشگێڕیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێران، ڕێگر بوو لەبەردەم ئەوەکە کەسێک هەڵوەستە و وردبوونەوەیەکی لەسەر مەرجەکانی بەختیار بۆ قبووڵکردنی پۆستی سەرۆک وەزیری هەبێ و کەشوهەوایەک کە دەکرا دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی سەقامگیری تێدا جێگیر بکرێ، لەناو چوو. لە ڕاستیدا مەرجەکانی بەختیار ( چوونەدەری شا لە وڵات، ئازادبوونی بێ مەرج و شەرتی زیندانییە سیاسییەکان، هەڵوەشاندنەوەی ساواک، ئازادیی چاپەمەنی) بۆ وەرگرتنی سەرۆک وەزیری و کەشوهەوایەک کە بە هۆی بەڕێوەچوونی ئەم مەرجانە لە لایەن ئەو پێک هاتبوو، خێرایی بە ڕەوتی ڕاپەڕینەکە بەخشی و لەم نێوەدا وەک پاڵنەر و کاتالیزۆرێک کاری کرد.

وتەکانی بەختیار لە بابەت زیندووکردنەوەی پارلمان و یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی لیبراڵی دێموکرات لەسەر بنەمای پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی، بەردەنگێکی پەیدا نەکرد و لە لایەن دۆست و هاوبیرەکانی لە بزووتنەوەی نەتەوەییدا، وەک خایین بە بزووتنەوە و پارێزەری تاج و تەختی پاشایەتی ناو نرا و لە بزووتنەوەکەش دەرکرا. هەوڵەکانی بەختیار لە ئاکامدا هیچ ئەنجامێکیان نەبوو و لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا پاش ٣٧ ڕۆژ، کۆتایی بە دەسەڵاتدارەتی ناوبراو هات.

جیاواز لە کەسایەتی، هزر و کردەوەکانی دوکتۆر شاپووری بەختیار لە ماوەی ٣٧ ڕۆژ سەرۆک وەزیریدا، هۆیەکی تر کە بوو بە هۆی ئەوەکە ناوی بۆ هەمیشە بە زیندوویی بمێنێتەوە، شێوەی تیرۆرکرانی ناوبراو لە لایەن کۆماری ئیسلامی ( بە کەڵک وەرگرتن لە کەسانی نزیک لە خۆی) و شێوازی هەڵسوکەوت کردنی بەرپرسانی ڕێژیم لەگەڵ ئەنجامدەرانی تیرۆرەکەیە. عەلی وەکیلی ڕاد یەکێک لە بکوژانی دوکتۆر بەختیار، لە ڕێکەوتی ٢٨ی بانەمەڕی ٨٩ دوای ١٩ ساڵ گیران لە فەڕەنسا، لە نێو پێشوازییەکی فەرمی بەرپرسە باڵاکانی کۆماری ئیسلامیدا، گەڕایەوە بۆ ئێران و ئەم هەڵسوکەوتە، بێشەرمی و دڕندەیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی زیاتر لە پێشوو بۆ هەموو لایەک دەرخست. تێپەڕینی ڕۆژگار پەردەی لەسەر ماهییەتی ڕێژیمی ئیسلامی لادا و پێشبینیەکانی بەختیار لەمەڕ سەرەڕۆیی ئایینی و «دیکتاتوری نعلین» هاتنەدی.

سەرچاوە: «کوردستان» فارسی

— — — — — — — — — — —

# وڵامێک بۆ بەیاننامەی ژمارە ا ی جەماعەتی تەوحیدو جیهاد

**سمایل سۆهرابی**

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

هەر وەک قورئان دەفەرمێ (یاایهاالذین‌امنوا اتقواالله وابتغواالیه الوسیلة). ئەم ئایەتە بەروونی دەستور دەدات کە بڕواداران بۆ گەیشتن بە خوا تەوەسوول بکەن و چەشن و شێوازەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەو ڕاڤەی موفەسیرانی قورئان.

– لەم بەیاننامەیەدا ئاماژە کراوە کەسانێک زیارەتی قەبرستان بکەن ، قورئان و فاتیحا لەسەر قەبران بخوێنن کافرن و ڕەوایە وەک کافر هەڵسوکەوتیان دەگەڵ بکرێ. وڵام: بەپێچەوانەی ئەوان، زیارەتی قەبرەکان، چ بۆ پیاوان و چ بۆ ژنان روخسەت دراوەو جێگای عیبرەت لێ وەرگرتنە، هەر وەک پێغەمبەر دەفرموێت ( زوروها فانها تذکر بالاخرة ) واتە ئێوە بۆ زیارەتی قەبران بچوون چون دونیای ترتان دێنێتەوە یاد.

کەوابوو قورئان و فاتیحا خوێندن لەسەر قەبران هۆکارێک نابێت بۆ چوونەدەر لە بازنەی ئیسلام ، بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانە، پەیڕەوی کردنە لە پێغەمبەری خوا.

لەبەشێکی تری ئەم بەیاننامەیەدا باسی جیهاد هاتوە و لەڕوانگەی ئەوان جیهاد بەواتای شەڕو تۆقاندنی لایەنەکانی نەیار بەخۆیان پێناسەکراوە.

کە بە داخەوە بەشێک لە توندڕەوە موسوڵمانەکان¬و بزاڤە ئیسلامییەکان، واتەی جیهاد تەنیا لە سەر کوتکردن و بەچۆک داهێنانی نەیارانی خۆیاندا چڕدەکەنەوە. بۆیە پێویستە لێرەدا لەلایەک پێناسەی ڕاستەقینەی جیهاد بکەین و، لەلایەکی تر پرسی لایەن، یان کەسانی شیاوو موستەحەق بۆ ئەم فتوایە بێنینە بەرباس.

**جیهاد دوو مانای هەیە،واژەیی و ڕواڵەتی:**

واژەی جیهاد لەجەهدەوە هاتوەو بە مانای تێکۆشان و سووربوونە بەگشتی بۆ هەر شتێک .

مانای ڕواڵەتی بەواتای تێکۆشانی بێوچانە لە ڕاستای چاکسازی و چاکەکاری لە ڕێی خوای گەورەدا.

جیهاد لەڕوانگەی شەرعەوە، بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت:

**یەکەم جیهادی گەورە:**

جیهادی گەورەش چەند لقی هەیە کە ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین.

الف_ جیهاد بەدەم و گوتنی حەق لە بەرامبەر دەسەڵاتداری ستەم کاردا، وەک پێغەمبەر دەفەرموێ « افضل الجهاد کلمة حق عندسلطان جائر» واتە گەورەترین جیهاد گوتنی حەق و بەربەرەکانییە لەبەرامبەر حاکمی ستەم کاردا.

ب_ جیهاد بە قەڵەم: لەم پەیوەندییەدا پێغەمبەر دەفەرموێ « مدادالعلماء افضل من دماء الشهداء» واتە بەهای جەوهەری پێنووسی زانایانی بەرهەڵستکار لەخوێنی شەهیدان بەرزترە. تەنانەت پێنووس ئەوەندە گرینگە خوای گەورە سویندی پێ دەخوا، « ن والقلم ومایسطرون» سوێند بە پێنوس و نووسراوەی پێنووس» .

ج_جیهاد بە نەفس: واتە جیهاد و تێکۆشان بۆ چاکسازیی دەروون و بەربەرەکانی لەبەرامبەر ئارەزووی ناڕەوا و کرداری نامرۆڤانەدا، هەروەها وەدەست هێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورە. وەک قورئان دەفەرموێ « والذین جاهدوا فینا لنهدینهم سبلناوان الله لمع المحسنین» واتە هەر کەسێک بۆ ڕەزامەندیی ئێمە تێبکۆشێ و خۆی زەحمەت بدا ئێمە ڕێگای ڕاستی پێ نیشان دەدەین. بەڕاستی خوا دەگەڵ چاکەکارانە.

بۆیە کاتێک پێغەمبەرو یاوەرەکانی لە شەڕی تەبووک بە سەرکەوتوویی دەگەڕێنەوە، پێغەمبەر دەفەرموێ «رجعنامن الجهادالأصغر، الی الجهادالأکبر،» واتە ئێمە لە جیهادی بچووک گەراینەوە بەرەو جیهادی گەورە، کاتێک پرسیاری لێدەکەن مەگەر جیهاد هەیە لە شەڕ دەگەڵ دوژمن گەورەتر بێ؟، پێغەمبەر (د خ) وڵام دەداتەوە بەڵێ: شەر دەگەڵ نەفس و دەرون، بۆ چاکسازی و خۆدووڕاگرتن لە کاری ناشیاو، پیادەکردنی دادپەروەری و بنبڕکردنی ستەمی ستەمکاران.

د_ جیهاد بە ماڵ : واتە تێکۆشان لە ڕێگای خوا بە پشتیوانی ماڵی ، وەک قورئان دەفەرموێ :» وجاهدوا بأموالکم وأنفسکم فی سبیل الله....» واتە ئێوە جیهادو تێکۆشان بکەن بە ماڵ و گیان لە ڕێی خوادا...›.

هەروەها چەند جۆری دیکەی جیهاد هەن لە شاخەکانی جیهادی گەورە، بەڵام بۆ ئەوەی باسەکەمان زۆر درێژ نەبێتەوە، خۆی لێ دەبوێرین. تەنیا ئەوە بەسە کە بڵێین تەواوی ئەم هەڵوێست و ڕەفتارانەی کە بۆ چاکسازیی ئەخلاقی و دادپەروەری، دەگیرێنە بەرو ئەنجام دەدرێن، دەکەونە بازنەی جیهادی گەورەوە ،چون پاککردنەوەو و ڕاهێنانی دەروون زۆر زەحمەتترە، تاکو شەڕ دەگەڵ دوژمن.

دووەم جیهادی چووکە ‹اصغر›: جیهادی چووکە ئەوەیە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بۆ کپ کردن و شکستی دوژمن شەڕ بکەی و لەڕوانگەی ئایینیش خوێن ڕشتنیان ڕەوا بێ. بە لام بە شانازییەوە ڕەوابوونی ئەم چەشنە لە جیهاد، زۆر سنووردارەو بە دەگمەن ڕێگای پێ دراوە ، بە پێچەوانەی جیهادی چاکسازی ، ڕاهێنان ، دادپەروەری و بەربەرەکانیی ستەمکاران بە شێوەی مەدەنی و دوور لە بەڕەوا زانینی خوێنیان، بۆ هەمیشە ڕێپێدراوو پیرۆزە.

هەرچەند مەرجەکانی جیهاد، واتە شەڕی عەمەلی زۆرن و دژوار، بەڵام بۆ وێنە ئاماژە بە سێ بابەت دەکەین : یەکەم: جیهاد لە پێناو پارێزگاری لە خاک و نیشتمان، ئابڕوو کەرامەتدا ، لەم بارەیەوە قورئان دەفەرموێ « ومالنا ألا نقاتل في سبیل الله وقد أخرجنا من دیارنا وأبنائنا « واتە بۆ دەبێ و چیمان بەسەر هاتوە کە لە ڕێگای خوا بۆ پارێزگاری لەخاک و نیشتمان شەڕ نەکەین، ئەمە لە کاتێک دایە کە دوژمنان لە مەملەکەتی خۆمان دەریان کردووین.

دوو: جیهاد بۆ پشتیوانی کردن لە کەسانی بێ دەرەتان و دەستبەسەر لە لایەن زۆردارانەوە. قورئان دەفەرموێ « ومالکم لا تقاتلون في سبیل الله والمستضعفین من الرجال والنساء والولدان الذین یقولون ربنا أخرجنا من هذه القریة الظالم أهلها واجعل لنا من لدنک ولیا واجعل لنا من لدنک نصیرا نساء ٧٥ « ئێوە چۆن دەبێ شەڕ نەکەن لە ڕێگای خوا لە کاتێک دا بێ دەرەتانان لە پیاوانی پیر، ژنان و منداڵان هاوار دەکەن،ئەی خوای گەورە ڕزگارمان کە لەدەست دەسەڵاتدارانی ستەمکار، هەروەها هاوار دەکەن ئەی خوایە لەلایەن خۆتەوە کەسانێک کە دۆستمان بن و پشتیوانیمان لێ بکەن بۆمان ڕەوانە بکە.

سێ: جیهاد لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کە کۆسپن و ڕێگری دەکەن لە بانگەشەو ڕاگەیاندنی ئایینی.» وقاتلوا فی سبیل الله الذین یقاتلونکم. ولا تعتدوا ان الله لایحب المعتدین .» واتە شەر بکەن لەڕێی خودا دەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەی کە دەستپێشخەرن لەشەر ، لە هەمان کاتدا رەوا نیە بۆ ئێوە دەستدرێژی بکەن چون خوادەستدرێژکەرانی خۆش ناوێ.

هۆگرانی نیشتیمان و دین! نە گەلی کوردی موسوڵمان دەکەوێتە خانەی دەستدرێژی کردن بۆ سەر ئایین و خاک و نیشتمان، تاوەکوو گرووپێکی توندڕەوی ئیسلامی جیهاد دەرحەقیان بەڕەوا بزانێ و ،نە کۆسپیشن بۆ گەشەپێدانی ئایین، بەڵکوو خۆیان بە بەشێک لە پارێزگارانی مێژووی ئایینی ئیسلام دەزانن. لەلایەکیتر جیهادیش تەنیا چڕ نابێتەوە لەسەر شەڕو خوێن ڕشتن. هەڵەی گەورەی تەوحیدو جیهاد ئەمەیە کە کەسانێک هەڵەیەکی بچووکی باوەڕی «اعتقادی» ، یان ڕەفتاری بکەن ،بەکافر دێنێتە ئەژمار، لەکاتێک دا یارانی بەوەفای ڕەسوڵی خواش ‹د خ› ، بێ هەڵە و پارێزراو لە گوناح-و (مەعسوم) نەبوون. بۆیە ئەم بەیاننامەیە لە ڕوانگەی ڕاستەقینەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە توندی ڕەددەکرێتەوە. بە تێفکرینێکی ورد بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ کام لە خاڵەکانی ئەو بەیاننامەیە،لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردو ئایینی ئیسلام دا نیە، بەڵکوو ڕێگاخۆشکەرە بۆ دەست تێوەردان و دەستدرێژی کردنی دوژمنانی کوردستان، لە بوارەکانی ئایینی و نەتەوەییدا.

# «جەلال مەلەکشا، شاعیری کەڵکەڵە ناسکەکان»

**وریا رەحمانی**

ئەگەر قەرار بێ لە دەلاقەیەکی رۆژهەڵاتی‌یەوە سەیری گەشەی شێعری کوردی (سۆرانی) لە بەستێنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردەواری دا بکەین، پێویستیی لەبەرچاو گرتنی سێ قۆناغی جیاواز بەڵام زنجیرەیی و بە دوای یەکدا بە گشتی خۆی دەنوێنێ. دیارە لە نێو هەر کام لەم قۆناغە گشتیانەدا کە هەرکام خولقێنەری شێوازگەلێکی جیاواز و جێی سەرنجی تایبەتی ئەدەبین، کۆمەڵێک قۆناغ و شێوازی بچووک و لاوەکی‌تریش بوونیان هەیە کە رەنگە لە پێوەندیەکی ئۆرگانیکی تایبەت لەگەڵ باسەکەی ئێمەدا نەبێ.

١. قۆناغی شارەزووری
٢. قۆناغی موکریانی
٣. قۆناغی ئەردەڵانی

قۆناغی یەکەم کە لەگەڵ شێعری شاعیرانێکی وەکوو نالی، سالم، کوردی و ... دەست پێدەکا و بە شێعرە پاراوەکانی مەحوی، شێخ رەزا، حەمدی و... درێژە دەکێشێ، لە لاپەڕە زێڕینەکانی شێعر و ئەدەبی کوردی بە حیساب دێن. لە تایبەتمەندی‌یە دیارەکانی ئەم شێوازە کەڵکوەرگرتنی زۆر لە وشە و چوارچێوەکانی شێعری عەرەبی‌یە کە بە هۆی نزیکبوونی شاعیرەکانی ئەم شێوازە لە فەزا و جوغرافیای عەرەبی، خۆی شتێکی سرووشتی بوو.

قۆناغی دووهەم لە «سەیفولقوزاتی موکریانی»یەوە دەست پێدەکا و لە سەر دەستی شاعیرانێکی وەک سەید کامیل، خاڵەمین، میسباحوددیوانی ئەدەب و... درێژە بە کاری خۆی دەدا و لە شێعری هێمن و سوارە دا ئیتر بەو پەڕی خۆی دەگا و دەدرەوشێتەوە. شێعری ئەم قۆناغە فەزایەکی کوردی‌تری هەیە و هەوڵ دەدرێ لە زیاترین وشە و هێما و بەستێنی کوردی کەڵک وەرگیرێ و لە بواری ناوەرۆکیشەوە نیشتمانیانەترە و وڵات و نەتەوە وەک دوو توخمی سەرەکی تێیدا بەرجەستە دەبێتەوە.

قۆناغی سێیەم کە بەتایبەت لە دەورانی دوای بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە دەست پێدەکا و مەبەستی سەرەکیی نووسینەکەی ئێمەشە لە ناوچەکانی سنە و ئەردەڵان و بە گشتی ناوچە باشووری‌ترەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا خۆی دەبینێتەوە و لە شێعری شاعیرانێکی وەک؛ شەریف حوسێن پەناهی، رەحیم لوقمانی، حەمەساڵە سووزەنی، جەلال مەلەکشا، فەرەیدون ئەرشەدی و... دا خۆی نیشان دەدا. فەزای گشتیی شێعری ئەم دەورانە زەرافەتێکی زمانی و ناوەرۆکیی وردتری تێدا هەیە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان زیاتر بەرجەستە دەکاتەوە. ئەگەر لە قۆناغی موکریانیی شێعردا پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی زیاتر ئاقارێکی بەرخۆدانی و بەراوردکارانەی لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا هەبوو، کەچی لەم قۆناغی سێیەم



دا شێعر پتر لە هەموو شتێک وەک ئەرزشێکی زمانی و بە دیدێکی جوانی ناسانەوە دەوری هونەری خۆی دەگێڕێ و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە دەروونی کەڵکەڵە و داخوازییەکانی شاعیرەوە وەک کوردێکی پێگەیشتوو دەکەونە روو. لێرەدا ئیتر کوردبوون بە واتا مرۆڤیەکەیەوە ناوەندیەتیی تایبەتی خۆی هەیە و لە ناوەندی ناوئاخنی شێعرییەتەوە دادەنرێ. شاعیر و نووسەری ئەم قۆناغە چیتر لە روانگەیەکی دەرەکییەوە سەیری بایەخی وجودیی خۆی ناکا و بە پێچەوانەوە تا رادەیەکی زۆر ئەم روانینە دەروونی‌تر دەبێتەوە و هەوڵ دەدا کە خۆی وەک خۆی بنرخێنێ و باسی بکا. لە پانتایی قۆناغی سێیەم دا ئیتر شاعیر روانگەیەکی گشت بە تاکی نییە و هەوڵ دەدا (بە واتا فەلسەفییەکەی) دیدێکی تاک بە گشتی هەبێ و لەو رەهەندەوە سەیری خۆی و باوەڕ و ئامانج و بایەخ و نەتەوە و نیشتمانەکەی دەکات. «جەلال مەلەکشا» یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرز و قەڵەمە بە تواناکانی ئەو قۆناغەیە کە بە حەقیقەت وەک شاعیرێکی لێهاتووی خاوەن ئەزموونێکی بە نرخ شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە.

لە شێعری «سەفەر»دا وەها بە شێوەیەکی هونەرمەندانەوە لە چوارچێوەی خۆزگە و ئاواتێکی رەوای خۆیدا بۆ کاوەی کوڕی، سنوورەکانی زەمانی و مەکانی تێک دەشکێنێ و وێنای نیشتمانێکی پیرۆز کە هەمان کوردستانی گەورە بێ دەکێشێتەوە، کە کاریگەرییەکی بێ‌وێنە لە سەر خوێنەر دادەنێ و شێعرێکی لە قەوارەدا کورت بەڵام لە حەقیقەت و ناوەرۆک دا بێ‌کۆتایی و مەزن دەخوڵقێنێ.

ئاخۆ بڵێی ئەم رۆژە بێ
کاوەی کوڕم
جانتای سەفەر کاتە شانی،
دەڵڵاڵانی بەر گاراجی شاری سنە
هاوار بکەن؛ سلێمانی... سلێمانی.

«جەلال مەلەکشا» لە دایکبووی ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە گوندی «مەلەکشا»ی سەر بە شاری سنەیە. دیپلۆمی ئینسانیی هەیە و هەر لە کاتی مێرمنداڵی و لاوی‌یەوە هۆگری شێعر و ئەدەبیات بووە و دەستی بە نووسین کردوە. لە سەرەتاوە بە فارسی دەینووسی و نووسینەکانیشی لە رۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی سەردەم دا بڵاو کردۆتەوە. بە هۆی چالاکیی سیاسی لە سەردەمی پاشایەتی دا چەند ساڵ لە زیندان بووە و بەشێکی زۆر لە کارە جوانەکانی بەرهەمی ئەو دەورانەن. لەگەڵ بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشی ١٩٧٩ بەرەبەرە رووی کردە شێعر و نووسینی کوردی و بەرهەمەکانی بڵاو کردەوە. ئەو شاعیرە هەست ناسک و ئەو مرۆڤە خۆشەویستە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییش دا دیسان چەند ساڵی دیکە دەکەوێتە زیندانەوە. پاشان بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «سروە» دەبێتە کارمەندی ناوەندی سەلاحەدینی ئەییوبی و بەرپرسایەتیی بەشی شێعر و چیرۆکی لە ئەستۆدا دەبێ. ماوەیەک دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری «پرشنگ» لە هەولێر و ٥ ژمارەی لێ دەردەکات. شێعر و نووسینەکانی بە چەند زمانی بیانی وەک ئینگلیزی، فەرانسەوی، رووسی، عەرەبی و فارسی وەرگێردراوەتەوە. بەداخەوە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە بەتوانایە (چیرۆک، شێعر، رۆمان، وتار و...) هێشتاش مەودای چاپ و بڵاوکردنەوەیان بۆ نەڕەخساوە و تەنیا کۆمەڵە شێعرێکی بە ناوی «زرەی زنجیری وشە دیلەکان» لە توێی کتێبێکی ٢٠٤ لاپەڕەیی دا بڵاو بۆتەوە.

## پەریی شێعر

بارانێکی لێڵ دەبارێ
لەبەر دەرکەی هەڵبەستێکا راوەستاوم
دڵم پڕیە لە هەنیسک و
چاوم تەژی پرمەی گریان
پەری!
دەرکەم لێ کەرەوە
خەم خەریکە دڵم ئەخوات، پێدەکەنێ
هاکا لەبەر دەرکەکەتا
سینگی شەق بێ گوڵ خەندەران!
پەری!
دەرکەم لێ کەرەوە
دڵم تەنگە دەخیلت بم
گۆڕی بێ دەنگی تاریکە
وەرە لە ناو باخچەی دڵما بچریکێنە
بەبێ قام و حەیران دەمرم!
هاوار نەکەم ئەم ئازارە دەمخنکێنێ.
پەری!
وەک هەور بگرمێنە
سینگە شەقارەکەم تەڕ کە
سۆزی دڵم دامرکێنە.
پەری!
ئیمشەو دانەباری ئاگر ئەگرم
تۆخوا پەری! لێم مەتۆرە
بۆ تۆ پشتم لە دنیا کرد
بووم بە شاعیر، خۆم ریسوا کرد
ئەمزانی تۆ تۆفانێکی بێ ئامانی
دەریایەکی بێ بەندەر و خرۆشانی.
من ئەمزانی هەزاران دڵ
لە تەنوورەی تۆفانی تۆ دا خنکاوە
من ئەمزانی تۆ ئاگری
گیانی هەزاران پەپوولە
بۆ گەیشتن بە سەرچاوگەی تیشکی
رووخسارت سووتاوە!
بەڵام هاتم
خۆشەویستی تۆم کردە رێی هات و
نەهات
وەک شەپۆلێکی نائارام
رووم کردە بەحری کارەسات
پەری!
دەرکەم لێ کەرەوە
بارانێکی لێڵ دەبارێ
ئیمشەو هاتووم...
خەمەکانم لە باوەشتا بتوێنمەوە
تەمەنێکە رێگا دەبڕم
کەوشی پۆڵام دادڕزاوە
گۆچانی ئاسنم شکاوە
توێشەم خاڵی، رۆحم تەنیا
خۆم غەریب و دڵم هێلانەی باڵندەی
هەزار ئاواتی سووتاوە!
پەری!
دەرکەم لێ کەرەوە
ئەوناقم کرد!
رۆحم وێنەی چۆلەکەی بەر لێزمەی باران
هەڵدەلەرزێ
لەبەر دەرکەی ماڵەکەتا راوەستاوم
بارانێکی لێڵ دەبارێ
شەو درەنگە، دڵ خاوێرە
رۆحی تەنیام بە شەپۆلی خۆت بسپێرە.
وەرە بۆ ناو هەستی ئاڵۆز و شێواوم
ئەی فریشتە، ئەی شێعری جوانی دڵداری!
ئیمشەو هاتووم
بە هاواری خوێن و فرمێسک بتهۆنمەوە
ئەی دوایین نرکەی رزگاری!

**جەلال مەلەکشا**

## سەفەرێکی نەهات

بەرەو کوێستان ئەهاتمەوە
جانتام پڕ بوو لە ئاوات و حەز و تاسە
هێندە تینوو
هێندە تامەزرۆی دیدار بووم
دەمویست بەفری ساڵی نەهات
بتوێنمەوە بە هەناسە!
بۆ لای کاڵێ ئەهاتمەوە
عەشقی قەڵای بەرزی هەست و
دڵی منیش
کۆترە برجیلەی ماڵی بوو
کاڵێ روحی سەوزی دەشت و
چاوی گوند و
هێزی عەشق و
گەورەتر لە «عەنبەر خاتوونی» «مەولانا» و
جوانتر لە «خاتوو حەبیبە»ی دیوانی شێعری «نالی» بوو!
دێر هاتمەوە، دێر هاتمەوە!
کوێستان چۆڵ بوو...
چاوی ئاسمان، لێڵ ئەیڕوانی
جێژوانەکەی جاران بۆنی
خەمێکی زەردی لێ ئەهات!
پڕ لە چقڵ و خاک و خۆڵ بوو!
ئیتر دنیا رەش ئەنوێنێ
لە ناو دڵما کەوی تەنیای شێعر دڵتەنگ
دڵتەنگ، دڵتەنگتر لە کوێستان
سیاچەمانەی فرمێسک و خوێن ئەچریکێنێ

**جەلال مەلەکشا**

## پەیام

گوێت لێیە؟ چاوت لێکردوە؟ کە شەپۆلەکانی دەریای گەلاوێژ چۆن لە ماکۆ و خۆی و سەلماسەوە خرۆشاون و خۆیان دەخەنە پاڵ گۆمە بێ باوانەکەی ورمێ وە، دێن و بە شەقامەکانی نەغەدە و شنۆ و پیرانشاردا گوزەر دەکەن، سەیر کەن چ خرۆشانێکێتی گەلاوێژ! حەدیسی ئازادی بۆ منداڵان باس دەکا و حەماسەی قارەمانێتی بۆ لاوان دەگێڕێتەوە، ورە لە رۆحی دوژمندا دەکوژێ و نوقمی بێدەنگیان دەکا، تا دێ رێگای درێژتر دەبێ، رۆحێک دێنێتەوە بەر سەوزاییەکانی سەردەشت و لە سابڵاغ وچانێک لە سەر ئەسحابە سپی دەدا، گوێ لە راسپاردەکانی پێشەوای شەهید رادەگرێ و رێگا بەرەو بۆکان دەبڕێ و رازی سەربەستی بە ناڵەشکێنە دەسپێرێ، دیتە شاری خۆڕاگری و حەماسە سەقز و پاشان لە بانە لە سەر ئاربابەوە چاوێک لە نیشتمان دەکا و خۆی دەسپێرێتە ئاویەر، مەکۆی لاوانی دوژمن بەزێن، سنە بەرەو کرماشان و تاق وەسان دەبڕێ، لاپەڕەی حەماسەکانی هێزی بێستوون هەڵدەداتەوە و رایاندەچڵەکێنێ، و شەپۆلەکانی بە سەر سەرپێڵ و سەحنە و قەسر و ئەیوان و ئیلام دەبارێنێ، بەڵێ شەپۆلەکانی دەریای گەلاوێژ کەلێن و قوژبنی کوردستان لە ناو و حەماسەکانی دێموکرات پڕ دەکا و مژدەی سەربەستی بە گەل دەدا.

**ن: عەلی چەمەنگوڵی**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 565 22 aug 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC



**تازەترین جینایەتی فرۆکەکانی تورکیە، کوژرانی ٧ کەسی بنەماڵەیەک لە کورتەک - قەندیل**

## پاییزی ئەمساڵ لە سەدا شەستی گۆلی ورمێ وشک دەبێ



لە کاتێک دا کە مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران دژایەتی خۆی لەگەڵ گەڵاڵەی پێشگیری لە ویشکبوونی گۆلی ورمێ بە مەبەستی هێنانی ئاوی رووبارەکانی ئاراز و سیلوە بۆ ئەو گۆلە ڕاگەیاندوە، بەرپرسانی حکوومەت لە پارێزگاکانی ورمێ و تەورێز دەڵێن کە لە پاییزی ئەمساڵ دا سەدا شەستی ئەو گۆلە وشک دەبێ.

ئەو وشکبوونە هەر لە ئێستاوە بە تایبەت لە بەشی باشووری ئەو گۆلە خۆی پیشان داوە و تا ئێستا نیزیک بە ١٠ کیلۆمیتر لە پانتایی دەریاچەکە بۆتە شۆرەکات.

شایانی باسە کە بە ویشکبوونی گۆلی ورمێ، پێدەشتێک خوێ بە جێ دەمێنێ کە مەترسیی بەرزبوونەوەی تۆفانی خوێ و داپۆشینی سەرجەم ناوچەکە بە خوێی بە دواوەیە و بەوەش ژیانی خەڵکی ئەو ناوچانە لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەی زۆر بەرەوڕوو دەبێتەوە.

بە پێی لێکدانەوەکان لە وەها بارودۆخێکدا بە میلیۆن کەسی دەوراندەوری گۆلی ورمێ تووشی ئاوارەیی دەبن.

## دوکتور حەبیبوڵڵا تابانی، نووسەر و لێکۆڵەری کورد کۆچی دوایی کرد

١٨ی گەلاوێژی ١٣٩٠، دوکتور حەبیبوڵڵا تابانی، نووسەر، وەرگێر، لێکۆڵەر و مامۆستای زانکۆ بە هۆی پیری و نەخۆشیی شێرپەنجەی پرۆستات پاش ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ، لە تەمەنی ٧٧ ساڵی دا و لە شاری تەورێز کۆچی دوایی کرد.

دوکتور حەبیبوڵڵا تابانی لە دایکبووی شاری مەهاباد بوو. پۆلەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری مەهاباد تێپەڕ کرد و پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن لە شارەکانی تەورێز و تاران، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە جێ هێشت تا دوا جار توانی دوکتورا لە زانستی جوغرافیا دا وەرگرێ و لە زانکۆی تەورێز دەستی بە وانە وتنەوە کرد.

دوکتور تابانی هاوکات هەم وەک چالاکێکی سیاسی و هەمیش وەک نووسەر و وەرگێر لە تێکۆشانی خۆی بەردەوام بوو..



دوکتور حەبیبوڵڵا تابانی بە تایبەت لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دا و فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان لە لایەن پاسدارانی کۆماری ئیسلامیەوە قۆڵبەست کرا.

حەبیبوڵڵا تابانی وەک لێکۆڵەرێکی مێژوویی، کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخی بۆ کورد لە دوای خۆی بە جێ هێشتوە کە لەوانە دەکرێ ئاماژە بکرێ بە «روخسارە بێزراوەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران» (چهره های منفور در تاریخ معاصر ایران)، «یەکێتیی قەومی نێوان ماد و کورد» (وحدت قومی کرد و ماد – منشا، نژاد و تاریخ تمدن کردستان)، «دلێرانی بێ ناوی کورد» (حماسه سازان گمنام کرد)، وەرگێڕانی کتێبی کورد و کوردستانی ئەمین زەکی بەگ بۆ زمانی فارسی، «نموونەی کوردستانی موکری» و «هاواری رووناکبیران» (فریاد روشنفکران).

(سەرچاوە: ڕۆژهەڵات تایمز)

## کیسەڵەکانی بەهمەن قوبادی چووە لیستی دە فیلمی بەرچاوی دنیاوە



فیلمی سینەمایی «کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن»، لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد بەهمەن قوبادی وەکوو ١٠ فیلمی بەرچاوی دنیا دەستنیشان کراوە.

ئەم فیلمە تا ئێستا زیاتر لە ٨٠ فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی بەشداری کردوە و تا ئێستا ٤٣ خەڵاتی نێونەتەوەیی لە فیستیڤاڵە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بەدەست هێناوە.

ئەم فیلمە کوردییە نێوەرۆکەکەی باس لە سەر منداڵانی هەتیو، بێ سەرپەرەست و بێ ماڵ و حاڵە.

هەر لەم لیستەدا کە ناوی ئەم فلیمەی قوبادی لەخۆی گرتوە، ناوی فیلم گەلێکی وەکوو: فیلمی سینەمایی «منداڵی وەحشی» لە دەرهێنانی «نایک مۆر»، فیلمی سینەمایی «پاڵەوانی زلهێز» لە دەرهێنانی «کریگ مازین»، فیلمی سینەمایی «ئالێن» و هەروەها چەندین فیلمی دیکە بەرچاو دەکەوێ.

فیلمی سینەمایی «کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن»، هەروەها لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠ لە تەنیشت فیلم گەلێکی وەکوو «بابل»، لە دەرهێنانی ئێلخاندرۆ گۆنزالێس چووە نێو لیستی باشترین فیلمەکانی ١٠ ساڵی رابردووی دنیادا.

## پرۆژەیەکی هونەری بۆ پاڵپشتی لە کەبوودوەند بەڕێوە چوو



بۆ پاڵپشتی کردن لە موحەممەد سدیق کەبودوەند «بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبل وریا بوداغی هونەرمەندی لاوی بۆکانی لە باشووری کوردستان سەرقاڵی پرۆژەیەکی هونەرییە.

«ئێمە لەگەڵ تۆین»پرۆژەیەکی نوێی هونەری «وریا بوداغی» یە ،بۆ پاڵپشتی کردن لە موحەممەد سدیق کەبودوەند «بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبل...لەم پرۆژەیە دا» زیاتر لە ١٥٠٠ بەلەمی بچووکی ڕەنگی کاغەزی کە بەدەست وێنەیان لەسەر کێشراوەتەوە ،لە ئاوەکانی دوکان دا ئازاد دەکرێن جێگەی ئاماژە پێدانە کە ئەم پرۆژەیە بیرۆکەی زیاتر لە ٦ مانگ لەوەو پێشە کە بە نیاز بوو لە پرۆژەی کەمپینی موحەممەد سدیقی کەبودوەند لە هەولێر بە ڕێوە بچێت ،کە بەداخەوە بە هۆکاری تایبەتی خۆی بەڕێوە نەچوو. ئێوارەی یەکشەممە لە ئاوەکانی دوکان بە مەبەستی ڕێزگرتن لە سەختی و دژوارییەکانی هەرکام لە ڕۆژەکانی زیندانی بوونی کەبودوەند بەلەمێکی ڕەنگی بە ئاو دا دەدرێت ،فەلسەفەی پرۆژەکە پەیوەندی بە هونەر بۆ مافەکانی مرۆڤ هەیە کە لە ڕوانگەی پرۆژەوەکەوە ئەندێشەو کاریگەرییەکانی کەبودوەند بۆ ئازادی و ژیان دەخرێتە ناو هونەرەوە.

**بەر لە ماڵاوایی**

# موسڵمانی یا مارکسیست؟ ئایا بڕوات بە بەهەشت و جەهەننەم هەیە؟

**ڕێبوار مەعرووفزادە**

لە دوارۆژەکانی مانگی پووشپەڕدا چاوپێکەوتنی زیندانیەکان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بنەماڵەکانیان لە ناکاو ڕاگیرا ڕێگە بە وەرزش کردن و هەوا تازە کردنەوە، چاولێکردنی تەلەڤیزیۆن و... نەدەدرا. لە چەند خولی جیا جیادا چەند هەزار زیندانیی سیاسی بە پەتی سێدارە یان تەقەی تفەنگ گیانیان لێ ئەستێندرا. ئەوەی جێگای تێڕامانە بریتییە لەوە کە:

١- ئەو کۆمەڵکوژییە لە چ هەلومەرجێکدا ڕووی دا؟ ٢- لە پێناوی کام بایەخدا چەند هەزار مرۆڤ کوژران؟ ٣- ئەمڕۆکە کە ئەو لاپەڕە ڕەشە لە مێژووی ئێران هەڵدەدەینەوە چ فێر بووین؟

١) لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٧ شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق کە بە وتەی خومەینی نیعمەتێک بوو بۆ شۆڕشی ئیسلامی بە قبووڵکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ ی شووڕای نەتەوە یەکگرتووەکان و بە خواردنی پیاڵەی ژەهر لەلایەن خومەینییەوە، کۆتایی پێهات. کۆتایی هاتنی شەڕ لەلایەک فکر و نیگای خەڵکی لە بێگانە و سنوورەکانەوە بۆ نێوخۆی وڵات بەرەو بازاڕ، زانکۆ و پارلمان ڕادەگواست و خەڵکی لە داواکاریی کۆمەڵایەتی، سیاسی و خۆشبژێوی تەژی دەکرد. لەلایەکی دیکە خەڵک لەمەوبەدوا ژیانی خۆیان بۆ تفەنگ و برسییەتی لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی دا تەرخان و فیدا نەدەکرد.

ئەوانەی لەو شەڕە ماڵوێرانکەرەدا بەشێک لە ڕۆح و جەستەیان لە دەستدا بوو، کەمو کورتییەکانیان نەدەبینی یان نەیاندەتوانی لە بەرامبەر کەماسییەکانی شۆڕش، ڕابوەستن چونکە شۆڕشی ئیسلامی بە مایە و خوێنی ئەوان پێی گرتبوو، ئەوان ببوون بە بەشێکی جیانەکراو لەو شۆڕشە کەوایە ڕەخنە و گومان خستنە سەر دروستی و بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامی لە توانایی ئەوان بەدەر بوو لە ڕاستیدا ئەو کارە خستنە ژێر پرسیار و گومانی ماندوویەتی، شوناس و کەسایەتیی خۆیان بوو.

بەم پێیە لەو هەلومەرجەدا پێویست بوو دەروازەی دیکە بەرەورووی شۆڕش بکرێتەوەو کەسانێک وەک بێگانە و دوژمن پێناسە بکرێن؟ ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ ئیسلامی پیرۆز کردبوو (موجاهیدەکان)، ئەوانەی نوێژیان نەدەخوێند (مارکسیستەکان)، ئەوانەی ئامادە نەبوون لە خزمەت ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی دا بژین. لە ڕاستیدا کوشتنی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ بەرهەمی تۆڵە ئەستاندنەوەیەکی بێپرەنسیپ بوو کە تەنیا لەگەڵ کوشتنی پرۆتستانەکان بە دەستی کلیسای کاتۆلیک بەراورد دەکرێت.

٢- لە ڕەوتی کوشتنی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی دا، خومەینی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە دانی فتوای خوێن زۆرترین پشکی بەرپرسیارەتی بەردەکەوێت. کەسانێک وەک خامنەیی، ڕەفسەنجانی، مووسەوی ئەردەبیلی، میرحوسێنی مووسەویی کە لەو سەردەمەدا هەریەک لەو کەسانە سەرۆک کۆمار، سەرۆکی پارلمان، سەرۆکی دەزگای دادوەری و سەرۆک وەزیری وڵات بوون دەکەونە پلەی دووهەمی تاوانباران، بەڵام، کەسانی ئاماژە پێکراو چۆن ئەو هێزەیان لە خۆیاندا شک برد کە جینایەتێکی ئاوا سامناک بخوڵقێنن؟ لە ڕەوتی گرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و بە بارمتەگرتنی کارمەندانی ئەو باڵوێزخانەیە، بەشی هەرە زۆری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی کە بەشێکیشیان خۆیان بە چەپ دەزانی نەتەنیا ئەو کردەوەیان مەحکووم نەکرد بەڵکوو پشتگیری و تەنانەت بەشدارییشیان تێدا کرد. چونکە لە ڕوانگەی ئەوان کارمەندانی باڵوێزخانەی ئەمریکا بێگانە و ئەمپریالیسم بوون. لە کاتی فتوای خومەینی بە دژی خەڵکی کوردستان، بە قسە هاووڵاتیانمان لە ئیسفەهان و شیراز و.. بە پۆشینی جلی سپی بۆ بە تاڵانبردنی گیان و ماڵی خەڵکی کوردستان، کەوتنە ڕکابەریکردن لەگەڵ یەکتر تا بەشقەم ببنە پاڵەوانی هەر دوو دنیا. لە ڕەوتی هێرشی ڕێژیم بۆ کووێی زانکۆ لە ساڵی ١٣٧٨، خوێندکاران گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە کۆمەڵگە ئەوانی لەگەڵ هەوڵ، هومێد و هاوارەکانیان تەنیا هێشتۆتەوە. بەم شێوەیە مێژووی ئێران کە پێکهاتووە لە نەبوونی ڕۆحی هاوکاری و مرۆڤدۆستی، دەسەڵاتخوازی تاکەکەسی و حیزبی، ئەخلاقیاتێکی سیاسیی نابەرپرسیار، بێ خەبەری و بیرتەسکی و بە گشتی فەرهەنگی سەرەڕۆیی کە نەوەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ بە بەردەوامی و هاوبەشی بەرهەمیان هێناوە، لە ساڵی ١٣٦٧ گیانی لە چەند هەزار زیندانی سیاسی ئەستاند.